# کۆوار، ئەرکێکی گرانتر

ئەگەرچی ئەم هەوڵەمان، کە خۆی لە (کۆوار) دەنوێنیٚ، لەقۆناغی دەستپێکدایە و ئەو ژمارەیەی لەبەر دەستتاندایە(3)ەمین ژمارەیەتی، بەڵاٚم ئەوەی لەم پرۆژە رۆژنامەوانیە، ئەرکمان پتر و گرانتر دەکات، پێشوازی گەرم و کەم وێنەی خوێنەرانە لە هەردوو ژمارەی پێشوو.

ئەوەندە بەسە بۆ(کۆوار)ی تازە لەدایکبوو، تەنها لەماوەی دوو رۆژدا تەواوی تیراژکەی بازاڕی رۆژنامەفرۆشی ئەم دەڤەرە، بفرۆشریٚ و هیچ ژمارەیەکی نەمێنێتەوە.

ئەمەش وایکرد ناوەندی دابەشکردنی گۆڤار و رۆژنامەکانی ئێرە داوای دووبارە چاپکردنەوەی ژمارە(2)مان لێبکەن.. دکتۆر سەپان سەرۆکی بەشی راگەیاندنی کۆلیژی ئاداب، کەپسپۆری لە راگەیاندن هەیە، پێی وتم، ئێستا ئەرکتان گرانترە، چونکە خوێنەر چاوەڕوانی زیاترتان لێدەکات.

لەگەڵ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە(کۆوار) وەك گۆڤارێکی رۆشنبیری کۆمەڵاٚیەتی خۆی ناساندووە، بەڵاٚم جاریٚ بەتەواوی خۆی ساغنەکردۆتەوە.

ئێمەی ستافی( کۆوار)هەوڵدەدەین لە چەند ژمارەی دادیٚ رێچکەیەکی دیاریکراو بگرینە بەر، پەیام و ئاراستەی کارکردنی( کۆوار)یش، پتر لە چوارچێوەیەکی رۆژنامەنووسیانە( رەخنە، بەدواداچوون، خستنە رووی ڕا و ڕای بەرامبەر، خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵاٚیەتیەکان) دەربکەویٚ.

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی (کۆوار) کۆکردنەوەی کۆمەڵێك قەڵەمی گەنجانەیە لە توویێی لاپەڕەکانیدا، هەروەها کار بۆ ئەوەدەکات، رای جیاواز وتێڕوانینی بەرامبەر سەبارەت دیاردە و پرسگەلی جیا جیا بخوڵقێنیٚ و بە زمانێکی رەخنەگرانە بە دواداچوونی رۆژنامەنوسیانەی هەبیٚ.

**سەرنووسەر**

( کۆوار) لە پێناو دەرخستنی راستیەکان و ئایندەیەکی جوانتر و ژیانێکی باشتر کاردەکات، بەدڵنیاییەوە پێشوازی گەرم، سەرنج و تێبینی و چاوەڕوانی خوێنەران، ئەو ئەرکە رۆژنامەنووسیەمان دژوارتردەکا و ئەوەمان بەسەر دەسەپێنیٚ، ژمارە دوای ژمارە لە خەمی ناوەڕوکێکی دەوڵەمەنتر و فۆرمێکی جوانتر و پرسیاری جدیی تر دابین. لە پێناو ئەو(کۆوار)ەی ، کە مەبەستمانە، چاوەڕێی هاوکاری و قەڵەمی هەمووان دەکەین، بەو پەڕی گەرمیشەوە رێز و خۆشەویستمان هەیە بۆ خوێنەران و هەموو ئەوانەی هاوکار و پشتیوانمانن.







کۆوار، کۆواری ئێستا و ئاینده

# ناشرین کردنی ژیان

## ناعەدالەتی، گەندەڵی، بێبایەخکردن



ئاسۆ جەبار

کاتێک دەسەڵاتی ڕەهای حیزب، یان گروپێکی سیاسی جاهیل بە دیموکراسیو دنیای مۆدێرن دەبێتە دەسەڵاتێکی سەروەرو بێ قسە بەسەر حکومەتو پەرلەمانو سەرلەبەری دامەزراوەکانو ناوەندەکان، ئەوکاتە قسەکردن لەسەر دیموکراسیو ژیانی مۆدێرنو کرانەوە بەڕووی دنیادا، بێگومان دەبێتە درۆیەکی گەورەو هێندەی قسەکردنە لەسەر دیکتاتۆری، هێندە قسەکردن نیە لەسەر ڕوانینێکی کراوە بۆ دنیا.

حیساب نەکردن بۆ ڕای گشتیو ڕای جیاوازو داخستنو کۆنترۆڵکردنی سەر لەبەری سەرچاوە ئابوورییەکان لەلایەن حیزبەوە، یەکێکە لە ئەخلاقە دیکتاتۆرییەکانو سەرکوتکردنێکی شارستانیو نابەرپرسانەیەو خەیاڵی ناشرینی مۆنۆپۆلیزەکردنو داگیرکاری لەپشتەوە ئامادەیە، دیکتاتۆر هەر ئەو زاتە تۆقێنەرو بکوژە نییە، کە دەمانکوژێو دەمانترسێنێتو بەندیخانەکانیمان لێپڕدەکات، ئەمە بۆخۆی ڕوانینێکی کلاسیکیانەیە بۆ دیکتاتۆر، بەڵکە دیکتاتۆر دنیابینیەکە گەورەتر لەو دنیابینییە بچوکەی کۆمەڵگە، دیکتاتۆرییەت بەر لەوەی سیستمێکی حوکمکردن بێت ئەخلاقو میکانیزمو هێزە، بەواتایەك ئاکارەکانی دیکتاتۆر تەواو پێچەوانەی ئەو سیستمە ئەخلاقییە گەورەیەیە کە دیموکراسی هەڵگرێتی، ئەوە دیکتاتۆرەکانن کار لەسەر کوشتنی ڕای گشتیو میدیای ئازادو گرووپەکانی فشارو کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن.

حیزبەکان بەرلەوەی ببنە دیکتاتۆر بیر لەوە دەکەنەوە چۆن ببنە دیکتاتۆر...سەرەتا سەرلەبەری سەرچاوە ئابووریو سیاسییەکان داگیرو مۆنۆپۆڵ دەکەن، دواتر تەواوی ڕاگەیاندنو میدیاکانو سەرلەبەری دەزگا ڕۆشنبیریو فەرهەنگییەکان داگیردەکەنو دەیانخەنە خزمەت سوودبەخشی خۆیانەوەو دەیانکەنە زمانحاڵو ڕاڤەکارو باسکاری خۆیانو دەرخەری هێزو وێنەکانی خۆیان، ئەوە میدیاکانن پاڵەوانە کاریزماییەکانمان بۆ دەکەن بە پاڵەوانێکی ئەفسانەییو بە ژەنەڕاڵێکی ڕۆمانسیو بە پیاوکوژێکی بەهەشتیو ئیماندارێکی خزمەتکارو ڕۆشنبیرێکی مۆدێرنو هونەرمەندێکی بێ وێنە، ئەوە ڕۆژنامەکانن جەنگەڵت لێدەکەن بە باخچەو شەڕگەکان بە بەهەشتو واقع بە خەیاڵو گێڕانەوەی حیکایەتەکانو فرۆشتنەوەی موقەددەسات بە نرخێکی گران بە تۆو ڕازیکردنی تۆ بە وێنەی ئەو دنیایەی کە خۆی نیگاری بۆ کێشاوە.

دیکتاتۆرەکان بەرلەوەی هاولاتییان فڕێبدەنە نێو بەندیخانەکانەوە، سەرەتا بە بڕیارێکی دۆزەخیانە سەرجەم چالاکییە مەدەنییەکان مەحکومو قەدەغە دەکەن، هەر لە ڕێپێوانو خۆپیشاندانەوە تا مانگرتنو ڕەخنەگرتنو ناڕەزایی دەربڕین، ئەوە حکومەتە نادیموکراتەکانن بەرلەوەی ببنە دیکتاتۆر کار لەسەر بچوککردنەوەی ژیانو هزرو ڕوانینەکان دەکەنو پڕۆژەیان بۆ کۆمەڵگە پتر داگیرکردنی سەرلەبەری سەرچاوە ماددیو ڕوحییەکانی کۆمەڵگەیەو داخستنی کۆمەڵگەو ئەو ئاستە ژیاریو فەرهەنگییەیە کە کۆمەڵگەی پیادا تێدەپەڕێت.

ئەو دەسەڵاتانەی ستانداردێکی ئەخلاقیو بابەتیو زانستی



هیتلەر سمبولی دیکتاتۆری لە دونیا کۆوار



کاتێک لەدەستی حزبەکان بە بچووکی سەردەنێینەوە    کۆوار

**باوەڕپێکراوی دیموکراسی نێو دنیای مۆدێرن ناکەنە مۆدێلێکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو سنووردانان بۆ دەسەڵاتی حیزبو گەڕانەوەی شکۆو بڕیار بۆ پەرلەمانو ڕێزگرتن لە ڕەخنەو ناڕەزاییو ڕای جیاوازی هاوڵاتییان بەگشتیو ڕۆشنبیران بەتایبەتی دەسەڵاتگەلێکی داخراون، واتە هێزگەلێکن بۆ داخرانی زیاترو پەنهانکردنی زیاترو شاردنەوەی ئەو عەقڵە کۆنزێرڤاتیڤو خەیاڵە دیکتاتۆریانە بە ڕووکەشی دیارو کلێشەسازی وەهمی.**

ئالێرەوە قسەکردن لەسەر دیموکراسیو کۆمەڵگەی کراوەو مەدەنیو دنیای مۆدێرن لەلایەن دەسەڵاتەوە وەهمێکی گەورەیەو بانگەشەیەکی بەتاڵە، تا دیکتاتۆرەکان لەخۆماندا نەکوژین ناتوانین مۆدێرنانە بیربکەینەوە، تا ئەو خەیاڵی داگیرکاریو عەقڵە فیوداڵە لەخۆماندا نەکوژین مەحاڵە لە مرۆڤایەتیو ڕەخنەو ئارەزوو، خەونەکانی مرۆڤ تێبگەینو ئەو جیاوازیانە بخوێنینەوە کە دەکەوێتە نێوان دووڕای وەك یەکەوە. ماکس فیبەر پێماندەڵێت: "دەسەڵات بە دوو ڕێگە گەندەڵ دەبێت، یەکەمیان گۆڕینی دەسەڵاتە بۆ ڕۆتین، ئەوی دیکەش گۆڕینێتی بۆ دەسەڵاتێکی ستەمکار"، لێرەوە کە باس لە گەندەڵی دەکرێت تەنها باس لە گەندەڵی کارگێڕیو دارایی ناکرێت، بەڵکە باس لە لێشاوێك گەندەڵی دەکەین کە سەرلەبەری دەسەڵاتو حوکمکردنو بەڕێوەبردنو تەواوی ڕوانینو کردارو هزری گەندەڵی حکومەتە نادیموکراتەکانو دیکتاتۆرەکان دەکەین، لەبەرئەوە گەندەڵی ماشێنێکی گەورەی کاولکردنو وێرانکردنی ژیانە لەڕێی داگیرکردنی ڕووبەرێکی ژیاری گەورە، بە گەندەڵییەکی سەرتاسەریو سازدانی پانتاییەکی گەورەی تاڵانکردنی ژیان، وەك گەندەڵی بەڕێوەبردنو حوکمکردن، گەندەڵی میدیایی، حساب نەکردن بۆ میدیای ئازادو ڕەخنە، گەندەڵی ڕۆشنبیریو ڕوناکبیری، گەندەڵی داراییو خزمەتگوزاریو گەندەڵی لەخۆشگوزەرانی دا، گەندەڵی ژیان، گەندەڵی دیموکراسیو گلاربوونی حیکایەتەکان، سەرەنجام هەموو ئەم گەندەڵیانە سەرچاوەکەی ڕۆتینو ستەمکاریو ئەخلاقیاتی دیکتاتۆرییەو دەرەنجام هەموو دەسەڵاتێك دەتوانێت لەڕێگەی ئەم گەندەڵییانەوە ببێتە دەسەڵاتێکی تا سەرئێسك دیکتاتۆر.

کاتێك هاوڵاتییان ناتوانن سەرۆکی حکومەت هەڵبژێرن، کاتێك ڕێیان پێنادرێت پێشوەخت ڕای خۆیان دەربڕن لەسەرئەوەی کێ سەرۆکی حکومەت بێتو کێ جێگرەکەی بێتو کێ بن ئەوانەی دەبن بە وەزیرو بە ئەندام پەرلەمان، کاتێك حیزب لەڕێی لیستی داخراوی خۆیەوە مرۆڤگەلێکی حیزبی بێئاگا لە دیموکراسیو دنیای مۆدێرن، بەتاڵ لەهەر تێگەیشتنێکی سادە لەمەسەلەی هاوڵاتیبوونو بەڕێوەبردنی حکومەتو تێگەیشتن لەوەی کە نابێت دەسەڵاتی موتڵەقی حیزبو مەکتەبی سیاسیو حکومەتو ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمان تێکەڵ بکرێتو تەنهاو تەنها حیزب بەوپەڕی جەهلییەوە بە دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنی دەسەڵاتی موتڵەقی خۆی ڕۆبکاتە نێو تەواوی دامەزراوە حکومیو ناحکومییەکانەوەو بە ڕوانینو دنیابینییە هەژارەکەی خۆیەوە تەفسیر بۆ هەموو شتێك بکاتو خۆی بە بیرکەرەوەو بڕیاردەرو سەروەر بزانێت.

## حکومەتی تۆخکردنەوەی ناعەدالەتی

حکومەتی بازرگانە درۆزنەکان، بازاڕێکی گەورەی حیزبەکانو بەرپرسەکانو کۆمپانیاکانیانو دەوڵەمەندە چاوچنۆکەکانە، حکومەتی بەنزین فرۆشەکانو هاروونەرەشیدەکانو سەروەرییە کارتۆنییەکانو حیکایەتە دووبارەو کوشندەکانو حکومەتی فرۆشتنەوەی سەروەری یە بە خەڵك، هەرزان فرۆشکردنی دیموکراسی، بەتاڵانبردنی ژیان، حکومەتی موستەشارە بێ ئیستیشارەکان، حکومەتی بێ پلانو بێئاگایی، حکومەتی خولقێنەری بەرەڵاییەکی گەورە. کاتێك حکومەت خۆی ناکات بە ساحێبی هیچ شتێك ...کاتێك دەڵێین ئەم وڵاتە خاوەنی حکومەتە، واتە خاوەنی سیستمێکە بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵك، نەوەك خراپکردنو بێماناکردنی ژیان، ئەوە حکومەتو ناوەندەکانە کۆنترۆڵی بازاڕ دەکەن، نەوەك خولقاندنی بەرەڵاخانەیەکی گەورەی نابازرگانی، نەوەك دروستکردنی جەنگەڵێکی بێ ساحێب لەبڕی بازاڕێکی کۆنترۆڵکراو بە یاساو ڕێسایەکی دیاریکراو، ئەم مۆدێلە دەگمەنەی حکومەت تەنها لە حکومەت ناچێت، لەبەرئەوەی زۆر بەسادەیی حکومەتی دروستکردنی ئەزمەی کارەباو ئاو و بەنزینو سووتەمەنیو ڕێگەوبانو ئەزمەی خزمەتگوزارییەکانە بۆ هاوڵاتی، حکومەتی بەرزکردنەوەی نرخی شتومەكو خولقاندنی بەرەڵاییەکی گەورەیە بەناوی بازاڕی ئازادەوە، خولقاندنی وەلائێکی بێ مانا بۆ نیشتیمانێکی پڕ لە جەهل بەناوی دەستورەوە، بەرپاکردنی گەمژەییەکی گەورە بەناوی دیموکراسیو کۆمەڵگەی شارستانییەوە، دەوڵەمەندکردنی بازرگانە درۆزنەکانی ناو حیزبو گۆڕینی بەرپرسی سیاسی بۆ بەرپرسی پارەکۆکەرەوە لەڕێی کۆمپانیای وەهمیو بازرگانیکردن بە ژیانی خەڵکەوە.

كاتێك حكومەت خۆی ناكات بە ساحێبی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و كەمی كارەبا و ئاو و بەڕلایی بازاڕو بەرزبوونەوەی نرخی مامەڵەی كەرەستەو هاتوچۆ، كاتێك خۆی ناكات بە ساحێبی ئەو هەموو كێشەو گرفتەی ناو كۆمەڵگە، هەر لە ئەزمەی نیشتەجێبوونەوە تا بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك و كەمی مووچەو ئەو هەموو ناعەدالەتییەی كە لە مووچەی فەرمانبەران و مامۆستا دەكرێت، بەرامبەر ئەو مووچە بەرزە بێمانایەی بەرپرس و ئەندام و دۆستانی حیزب و ئەو هەموو پۆستە وەهمییەی لەم وڵاتەدا هەیە، ئەوا ئەو حكومەتە حكومەتێكی بێئاگا و عەقڵێكی دواكەوتوو و كۆنپارێزو تاریكخواز دەیبات بەڕێوە، هاوكات حكومەتێكە خۆی و بەرپرسەكان و حیزبەكەی دەوڵەمەندەكات و هاوڵاتییان هەژارترو بێ ئیشترو زەلیلتر دەكات.

كاتێك حكومەت حساب بۆ رای گشتی و مرۆڤەكان ناكات، حساب بۆ رێپێوان و خۆپیشاندان و ناڕەزایی هاوڵاتییان ناكات، كاتێك حساب بۆ رەخنەو پێشنیارو مرۆڤەكان ناكات، ئەوا ئەو حكومەتە فڕی بەسەر دیموكراسییەت و ژیانی مۆدێرنەوە نییە، لەجەهلێكی گەورەدا دەژی، جاهیلە بە مرۆڤ و بیركردنەوەیەكی جەنگەڵی هەیە، تا سەر ئێسك باوەڕی بە مەرگدۆستی و تاریككردنی ژیان هەیە، حكومەتێكە هێندەی كاردەكات بۆ دەوڵەمەندكردنێكی خێرای خۆی و بەرپرس و حیزبەكەی، هێندە كار ناكات بۆ جوانتركردنی ژیان، هێندەی كاردەكات بۆ رازاندنەوەی جەهل و تاریكی، هێندە پشتیوانی هیچ پێشنیارو رەخنەیەك ناكات، گوێگرێكی خراپەو قسەكەرێكی درۆزنە.

سەدەی بیست و یەك، سەدەی كرانەوەو رۆشنكردنەوەی ژیانە بە خزمەتگوزاری و رێزگرتنی مرۆڤ، سەدەی دابینكردنی ژیان و گوزەرانی باشترە بۆ مرۆڤ، نەوەك سەدەی بێ كارەبایی و سەخافەتی بێ ئیشی و ئەزمەی سەكەن و ئەزمەی ئاو و سووتەمەنی و بەرپاكردنی ناعەدالەتییەكی بێ مانا. سەدەی دیموكراسیەت و جوانكردنی ژیانە، نەوەك سەدەی ناشرین كردنی ژیان و تاریككردنی دنیا و خولقاندنی ناعەدالەتییەكی بێ ئەندازە، سەدەی رەخنەو حسابكردنە بۆ مرۆڤ،

دیموكراسییەت، ئەوەی پێی وایە رای گشتی و رای شەقام، راو بۆچونی هاوڵاتییانێكە دەستی ئیسلامییەكان یان چەپەكان یان دەستی تیرۆری لە پشتەوەیە، زۆر بێ ئاگایە بەرامبەر گۆڕانكارییەكان، زۆر هەژارە بە مەعریفەو رۆشنبیرییەكی سادەی هاوڵاتییان.

ئەو حكومەت و حیزبەی پێیوایە لەڕێی دەسەڵات و جەبەروتی پۆلیس و ئاسایش و دەزگا تایبەتەكانیانەوە هاوڵاتییان بێدەنگ دەكەن، ئەوا ئاستی بیركردنەوەیان لە ئاستێكی زۆر نزم و مەرگدۆستی دایە، رەنگە لەڕێی ئەم عەقڵیەتەوە ببنە دیكتاتۆر، بەڵام دیكتاتۆرێكی ناشیرینی سەردەمی نەمانی دیكتاتۆرەكان، دیكتاتۆرێكی بازرگان، دیكتاتۆرێكی بچووك و گرگن و بێ مەعریفەت، دیكتاتۆرێك كە كۆمەڵگە حسابی جانەوەرێكی بچووكیشی بۆ ناكات.

## حكومەت و بەرەڵایی

حكومەتە نادیموكراتییەكان لەڕووی كردارییەوە پێیان وایە




ئەگەر مەلیكەكان كش نەكرێن، دەبەنەوە	كۆوار

**ئەو حكومەت و حزب و بەرپرسانەی پێیانوایە، دیموكراسیەت واتە ئێوە رەخنەبگرن و ئێمە گوێتان لێناگرین، ئێوە جوێنمان پێبدەن و ئێمە وەڵامتان نادەینەوە، ئەوە ئەوپەڕی گەمژەیی و جەهلە بە دیموكراسییەت، ئەوەی پێیوایە رای گشتی و رای شەقام، راو بۆچونی هاوڵاتییانێكە دەستی ئیسلامییەكان، یان چەپەكان، یان دەستی تیرۆری لە پشتەوەیە، زۆر بێ ئاگایە بەرامبەر گۆڕانكارییەكان، زۆر هەژارە بە مەعریفەو رۆشنبیرییەكی سادەی هاوڵاتییان.**

نەوەك سەدەی عەمامەو تەیرولعەبابیلەو سنگ كوتان و بازرگانیكردن بە ژیانەوە.

ئەو حكومەت و حیزب و بەرپرسانەی پێیانوایە دیموكراسیەت واتە ئێوە رەخنەبگرن و ئێمە گوێتان لێناگرین، ئێوە جوێنمان پێبدەن و ئێمە وەڵامتان نادەینەوە، ئەوە ئەوپەڕی گەمژەیی و جەهلە بە

دیموكراسی و ژیانی مەدەنی واتە بەرەڵایی بازاڕو بازرگانی كردنێكی هەمەجیانە بەسەر هاوڵاتییان و داهاتی مادی و مەعنەوی كۆمەڵگە. بۆنموونە ئەو جۆرە حكومەتانەی كە ئاسان نییە دەسەڵاتی حیزب و میلیشیا و پەرلەمان لەیەكتری جیابكەیتەوە، روانین و دنیابینیشیان هێندە بچووكە، كە لەئاست داواكاری و داخوازی و بەرپرسیارێتی دا نییە، لەلایەك ئەوان پێیانوایە گرانی و بەرزبونەوەی نرخی شتومەك لەبازاڕەكاندا پەیوەستە بە دیاردەی بازاڕی ئازادەوە، كە هیچی لەبارەوە نازانن و جاهیلین بەرامبەر هەر دیاردەیەكی نوێی دنیای مۆدێرن، بەڵام ئەم تێڕوانینە سەقەتە تەواو پێچەوانەی هەموو بنەمایەكی زانستی و ئابووری و یاساییە ( لەڕاستی

ئەو یاسا جەنگەڵییەی بازاڕ لەکوردستاندا هەیە، یاسایەکە، دەیان بەڵگە لەپشتییەوە هەیە، کە حکومەت خۆی لێئەدزێتەوەو بەکێشەی هاوڵاتییانی دەزانێت، نەوەك بە کێشەی یەکەمی خۆی.



لە دونیای نادیموکراسی، کۆیلە کۆیلەی تر بەرهەم دێنێ. کۆوار

دا کاسبکاران زۆر لەحکومەت زیرەکترن لەو بارەیەوە، لەبەرئەوەی حکومەتە نادیموکراتییەکان خاوەنی دەیان موستەشاری بێئیش‌و وەزیرو پەرلەمانتاری تەمەڵن)، لەڕاستی دا بازاڕی ئازاد بەو مانایە نییە کە هەرکەسەو بۆخۆی بەیاسایەکی جەنگەڵی یاری بە بازاڕ بکات، واتە بازاڕی ئازاد بەڕەڵایی‌و ئیستیغلالکردن‌و نابەرپرسیارێتی حکومەت‌و دامودەزگاکانی ناگەیەنێت، هاوکات ناکرێت ئەوەش لەیادبکەین کە حکومەت ئەو حکومەتەیە کە لە توانایدایە ژیانی هاولاتییان دەولەمەندبکات، نەوەك سەرقاڵی خۆدەوڵەمەندکردن‌و بەرپرسە حیزبییەکانی تەنها سەرقاڵی ڕازاندنەوەی خۆیان‌و بازرگانیکردن بن‌و خۆ دوورخستنەوە لەهەر بەرپرسیارێتییەکی کاراو کاریگەر.

لەکاتێکدا داهاتی مانگانەو ساڵانەی تاکەکەس بەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك‌و کاڵاکان نییەو هاوکات دەیان هێندەی ئاستی خراپی بژێوی هاولاتییانە، **بۆنموونە ئەو یاسا جەنگەڵییەی بازاڕ لەکوردستاندا هەیە، یاسایەکە بێگومان دەیان بەڵگە لەپشتییەوە هەیە کە حکومەت خۆی لێئەدزێتەوەو بەکێشەی هاولاتییانی دەزانێت نەوەك بە کێشەی یەکەمی خۆی.**

حکومەتە نادیموکرات‌و نابەرپرسەکان بەردەوام لەهەوڵی دوورخستنەوەی کێشەو ململانێکانن لەخۆیان، واتە حکومەت بۆئەوەی داواکارییەکانی تۆی هاولاتی پەیوەست نەکات بەخۆیەوەو بە کێشەی خۆی نەزانێت، بەردەوام کێشەکانی تۆ پەیوەندیدار دەکات بەبازاڕەوە، یان بە دەسەڵاتی مەرکەزییەوە، یان دەیگەڕێنێتەوە بۆ دیاردەیەکی شارستانی کە هیچی لەبارەوە نازانێت‌و غەرقی جەهلێك بووە بەرامبەر هەموو ئەو دیاردە نوێیانەی دنیا وەك بازاڕی ئازاد، ئەو حکومەتەی کە چەندین ساڵە لەسەر گومرگ‌و بازرگانی‌و کۆکردنەوەی باج دەژی، سەرباری ئەو بودجە زۆرەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە بۆی دەردەچێت، تا ئەوڕۆکەش گومرگ‌و باجی زۆری خستۆتە سەر کاڵاکان‌و بەکرێدانی شوێنگە تایبەتییەکانی کڕین‌و فرۆشتن.

لەڕاستی دا ئەو حکومەتەی کە هیچ بەرنامەیەکی زانستی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی مۆدێرنی نەبێت بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، بێجگە لە تەمەڵخانەیەکی گەورە هیچی تر نییەو لەجەهلێکی بێوێنەدا ئەژی. ئەو حکومەتەی دووردەکەوێتەوە لە بەرپرسیارێتی‌و گرنگیدان بە هاولاتییان‌و کۆنترۆڵکردنی بازاڕو داهاتی شاهانەی مەسئولەکان‌و دەیان کێشەو گرفتی نیشتەجێبوون‌و نزمبوونەوەی ئاستی بژێوی ژیان‌و گوزەران، حکومەتێکە بێئەندازە غەرقی جەهل‌و فەشەل‌و بێئاگایی بووە. بێگومان هەر حکومەتێك ئەو تایبەتمەندییە ناشرین‌و ناعادیلانەی تیادا بوو حکومەتێکی فاشلەو حکومەتی بازرگانە درۆزنەکان‌و حکومەتی فرۆشتنەوەی حیکایەتەکانە بە هاولاتی‌و هیچی تازەی نییە بیڵێت‌و گوێگرێکی خراپەو حیکایەتخوانێکی ڕەزا گرانە.

کاتێك هاولاتی دەکەوێتە پەراوێزی هەموو شتەکانەوە، کاتێك خزمەتگوزاری نەگەیشتۆتە خاڵی سفر، کاتێك خۆشگوزەرانی لەوڵاتێکدا بەقەدەر چرکەیەك ناعەدالەتی نییە، کاتێك سیستمی پەروەردەو زانست لەوڵاتێکدا لە جەهلێکی کوشندەدا غەرقی گەمژەییەکی گەورەبووە بە دنیای مۆدێرن، کاتێك ژیان بچووك دەبێتەوە بۆ کۆمەڵێك شەقامی سیاسی‌و کۆڵانی تەنگەبەری حیزبی، کاتێك سەرلەبەری میدیاکان بە ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەفیزیۆنەوە دەبن بە پاشکۆو زمانحاڵێکی هەژاری حیزبەکان، کاتێك تەواوی دەزگا ڕۆشنبیرییەکان دەبن بە دیوەخانی حیزب‌و بەناو ڕۆشنبیرەکانیش دەبن بە فەرزەندە ترسنۆك‌و بێدەنگەکانی ئەو هەژارییە گەورەیە، بەردەوام سەرقاڵی کەرنەڤاڵی ساختەو فیستیڤاڵی بەتاڵن لەهەر بەهایەکی ڕۆشنبیری، کاتێك زەمەن دەبێتە زەمەنی بێبایەخ کردنی قسەکردن‌و ناشرین کردنی هەموو بەهایەکی ڕۆشنبیری‌و فەرهەنگی‌و ژیاری، ئەوکاتە هەزاران هەنگاو نزیك دەبینەوە لە دیکتاتۆری‌و هێدی هێدی ژیان ناشرین دەکەین‌و خەیاڵەکانمان بچووك دەبێتەوەو خەونەکانیشمان بچووکتر.

**ئـــاداری**

2006

# گرانەوە و گۆڕان لە کۆمەڵگای کوردیدا

دلشاد مستەفا وەسانی



وێنـــه جۆراوجۆرەکانی ئێستای کوردەواری، وامان لێدەکەن بەدوای وەڵامی هەندێ پرسیاردا بچین و بزانین ئەوە چییە، کە پێی دەگوترێ گۆڕان؟ ئایا ئەو گۆڕانە کۆمەڵگای ئێمەی گۆڕیوە؟ کامانەن ئەو دەرگا و دەلاقانەی رێگەیان بە ئاراستەکانی گۆڕان داوە بێنە ناو کۆمەڵگای ئێمە؟ لە هەموو گرنگتر ئەوەیە بزانین ئەو کەناڵ و میکانیزم و هۆکارانە چین، کە بەحیساب بە درێژایی ماوە جیاجیاکانی رابردوو هەڵگری ئاڵا و مانشێتی گۆڕانی کۆمەڵ بوونە و هەندێ جاریش ئەوە تێبینی دەکرێ لەو بوارەدا جۆرێك لە پاوانخوازی هەبێ.

لە راستیدا ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێ و ئەم سەرە قەڵەمەش تەنیا وەبیرهێنانەوە و تێبینی رۆژگارن و دەکرێ لێیەوە بروانرێتە لق و پۆپەکانی ئەو پرۆسەیە و خوێندنەوە و بابەتگەلی دیکە، کە پسپۆڕ و شارەزایانی ئەو بوارە بەدوایدا چوون و یەکلایان کردۆتەوە، بۆیە منیك کە پسپۆڕی ئەو بوارەنیم تەنیا پرسیارم کردووە و دەبێ لەوەدا لێم خۆشبن، کە نەمتوانیوە وەك خۆی بەسەر مەسەلەکەدا زاڵ بم و زاراوەی زانستی ئەو بوارە لە شوێنی خۆی دابنێم.

دیارە لێرەدا نامەوێ بڵێم کۆمەڵگای ئێمە نەگۆڕاوە، بەڵام هەقە هەندێ وێنەی ئێستا چاك شرۆڤە بکەین و بەو وێنە رووکەشانە هەڵنەخەڵەتێین، کە رۆژانە بەرچاومان دەکەون و لافی ئەوە لێبدەین زۆری نەماوە شان لە شانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهان بدەین، ئەو تێبینی و سەرنجەم لەوەڕا هاتووە کە هەندێ کەس دەبینم، دێن بەراورد لە نێوان کۆمەڵگەی خۆمان و کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا دەکەن، کە ناکرێ بە هیچ شێوەیەك لەبەرامبەریەکیان دابنێین، ئاخر لەوان کۆمەڵگایاندا گۆڕان رێنیسانسی لە پشت بووە و هێز و توانای گۆڕان لەوێڕا چەکەرەی کردووە، بۆیە سەبەینێیان دەبینن، لە کۆمەڵگای ئێمەشدا هەندی دەیهێنی و دەیبەی دەورووبەر هەر دەتباتەوە سەر ئەو رێگەیەی بە پێیی مەبدەئی (وانەکی ئەمڕۆ دە هەرامەی سبەینێ) کاربکەین. ئەمەشیان بۆ ئەوەدەگێڕمەوە کە لە کۆمەڵگای ئێمە هەندێ دەرگا گارەدراو و هەندێکیش هەمیشە لەسەر پشت بوون، رەوتی گۆڕانی ئاسایی لە دەرگا گاڵەدراوەکانی کۆمەڵگا دراوە، ئەو رەوتەش کە بەردەوام دەرفەتی بۆ رەخسا لەسەرەوە کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکات، بەو دەرگایانەدا هاتە ژوور کە هەمیشە لەسەر پشت بوون، ئەو

لەسەر پشت بوونەی دەرگا لە ئەنجامی باری شلەژاوی کۆمەڵگادا هاتووە کە لە ژینگەیەکدا ژیاوە هەمیشە پێویستی بە دەستێك بووە بە هانایەوە بێت و رزگاری بکات، هەر بۆیە هەندێ رەوت و بیر و بۆچوون بەو دەرگایەدا هاتنە ژوور و خۆیان لە پەنای پەیامی دۆزی گەورەی کۆمەڵگادا پەناداو بێ منەتانە خۆیان گەیاندە نێو ماڵ و بەردەوام کۆمەڵگایان بە قەرزدار زانیوە، بە درێژایی سەدەی رابردووش هەر بەرنامە و پرۆژەیەکی رۆشنبیری هەبووبێ (ئەگەر راست بێ پێی بگوترێ پرۆژە) لەوان رەوتان ئاویان خواردۆتەوە.

شەست ساڵێك دەبێ، بێ پسانەوە، چالاکی سیاسی لە کوردستاندا هەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین، بە درێژایی ئەو ماوەیەی رابرد، ئەگەر کایەی سیاسی تاکە کەناڵ و دەلاقەی قسەکردن لەسەر گۆڕانی کۆمەڵ نەبووبێ، ئەوا هۆکارێکی یارمەتیدەر و زەمینە خۆشکەری هۆشیاریی بووە، بەو پێیەش کە زۆرترین چین و توێژی کۆمەڵ لە دەوری حزب کۆبوونەتەوە، ژینگەیەکی وا دروست بووە، کە وەك باوك سەیری حزب و رێکخراوی سیاسی بکرێ، کاتێ حزبیش دەبێتە باوك، ئەوا رێگە بەخۆی دەدات کۆمەڵگا بدوێنێ و قسەشی لە جیاتی بکات، بە درێژایی زیاتر لە نیو سەدەی رابردوو، شوێن و پایەی حزب لەنێو کۆمەڵدا قۆزراوەتەوە ئەو رەوت و ئاراستانەی ویستویانە دەسکاری کۆمەڵی ئێمە بکەن، لەو دەروازەیەوە راهاتوون و بەرنامەی خۆیان پەخش کردووە، جا کاتێك کۆمەڵگا رۆڵەیەکی گوێ رایەڵ بێ، ئەوا باوك چی بوێ بە ئاسانی بە کۆمەڵگای دەڵێ، شوێن و پایەی حزب لە کۆمەڵگای کوردی دا باشترین کەناڵ و دەلاقەبووە بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕانی کۆمەڵ، چوون هەندێ بیر و بۆچوون و ئاراستە لەنێو سیاسەتدا سەریان دەرهێناوە و بانگەوازی خۆیان کردووە، خۆ ئەگەر ئەو گروپانە هەمان تێزیان لە دەرەوەی سیاسەت خستبایە روو و گوتبایان هاتووین کۆمەڵگا بگۆڕین، قەت جێگەیان نەدەبووەوە.

رۆژگار بۆی دەرخستین زۆر لەو رەوتە خۆ بەپێشکەوتووزانانە نەیانتوانی وەك پێویست کۆمەڵگا بگۆڕن، زۆر لەو مامۆستایانەی بەنێو کایەی سیاسیدا هاتن و لەسەری ژۆری دانیشتن و کوڕ و مەجلیسیان بە بابەتی هۆشیارکردنەوە و گۆڕینی کۆمەڵ گەرم دەکرد، ئێستا شتی دیکەنە و ئەگەر بە پێی پێوەری دوێنێی خۆیان بێ، خاین و لادەر لە رێبازی خۆیان لە قەڵەم دەدرێن، ئەوانەی لە کولانکەکانی سیاسەتەوە بانگەوازی نەهێشتنی چەوسێنەر و یەکسانی نێوان چین و توێژەکانیان رادەهێشت، ئێستا کۆڵەگەی پاراستنی فەزای قۆرخکارین و ئەم فەزایەش ناتوانێ ژینگەی گۆڕان دروست بکات. بە کوردی، بەناوی گۆڕان لە پەنای پەیامی نەتەوەیی و نیشتمانیدا غەدرێکی زۆر لە کۆمەڵگای بەستەزمان کراوە. راستە تەکنەلۆجیا ئەو دەعبا غەریبەی جاران نییە و ئەوەی

ئـەمڕۆ لـە کۆمپانیاکـانی جیهانـدا دەردەچـیّ سـبەی و دووسـبەی لـە بازاڕەکـانی کوردسـتاندا دەبینـدریّ، ئەم ئاشنابوونە بە بەرهـەمی دنیای پیـشەسازی لـەم دە دوازدە سـاڵەی دواییـــدا زۆر خێرابـــوو، بـــەلاّم گـۆڕانێکی ئـەوتۆ بەسـەر پەیوەنـدی کۆمەلاّیەتیـدا نـەهاتووە، خەریکـە لێـرەوە بڵـێم لـە هەنـدیّ ئـەدگاردا کۆمـەڵگاکانی کەنـداوم دێتـە پـێش چـاو. لێـرەدا، مـن بـە پێـچەوانەی ئەوانەی حزب ڕەت دەکەنەوە، دەڵـێم حزبایـــەتی دیاردەیـــەکی نـــا تەندروسـت نییە، بەلاّم دەبیّ خۆی راسـتەڕیّ بکاتـەوە و بزانـیّ لـە رۆژگاری ئێستادا چۆن چۆنی ئیش لە کۆمەڵگا دەکریّ.

لـە ئـەنجامی شـێواندنی هەنـدیّ وێنـەی کۆمـەڵگا و ئـەو تێکەولێکـەی ئـــەمڕۆ ســـەری لێـــشێواندووین، بەناچاری پەنا دەبەینەوە بەر هەندیّ وێنـە و هەڵـسوکەتی جـاران و خـۆ ئەگەر بەراوردی زەمـان و زەمینـەیان بکـەین، ئـەوا وێنـەی جـاران بـیّ تاقـەتمان ناکـات، کەچـی ئـەوەی ئێـستا سەرسـامت دەکـات و دەیـان پرسـیارت لا دروسـت دەکـات، ئـەریّ وێـڕای ئـەو گۆڕانـەی بەسـەرماندا هاتووە ئەو وێنەیـەی ئێستا چییە و بۆ بێزارمان دەکات؟ ئاخر ئەگـەر لە رابردوودا رێگری و جەردەیی مایەی بـیّ ئاگـایی و جەهالـەت و برسـی بـوون بـووبیّ، ئـەمڕۆ بەتـەواوی هۆشـــەوە هـــۆی پێـــشکەوتوو بـەکاردەهێنرێت و هـەمان ڕەفتـار رەنگـە بەشـکلّ و شـێوازی دیکـەو گـەورەتریش بکرێـت. ئـەدی چ بـەو کـوردە مارکـسییە دەڵێـی کـە لـە دەیـەی کۆتـایی سـەدەی بیـست دەستی چووە خوێنی خوشکی و بە چـەند گوللەیـەك کـە لـە تفەنگەکـەی ســـەردەمی شـــاخ و ئەڵقـــە رۆشنبیرییەکاندا هاتەدەر و شـەرەف کرایـەوە، دەیـان جـار لـە کـۆڕ و مەجلیسـاندا، کـە باسـی ئازایـەتی کەسانێك لە شـەڕی نـاوخۆی دوای راپـەڕین دەکـرا، گـویّم لێبـووە "خـوا هـەڵناگریّ فلاّنـە کـەس زۆر قارەمانـە و لـە شـەڕدا پـەرێزی خاوێنـە" ئەمـە ئاماژەیەکە بۆ ئەو کەسەی لە بەرەی شەڕی خۆیدا دیلی نییە و خەلاسیان دەکات، ئێستا هەمان ئەوانەی کۆڕ و مەجلیسیان بۆ ئەو جۆرە بیر و بۆچونە سەقەتانە دەگێڕا لە تەك پـەرێز خاوێنـان بـە بۆینباغـەوە دەبینین و خـەریکی گـۆڕینی کۆمـەڵن! لەو لاشەوە ئەو خوێندەوار و رۆشنبیرانە دەبینین کە هەمیشە خۆیان وەك واعیـز نمـایش دەکـەن و دەبنـە تـوخمی کـارا لـە بـەخێوکردنی کۆمەڵگا بە قسە.

کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا بە بەرزکردنەوەی دروشمی گەورە، لە هەندێك کەسـی خۆشـهێناوە و توانیویانـە دەرفـەت بقۆزنـەوە بـۆ قـۆرخکردنی شوێن و پلـە و پایـە و جورئـەت دانەبـەرخۆ بـەوەی دەستدرێژی بکەنـە سەر ماڵی میللەت و ببنە سەبەبکاری خستنەوەی گەندەڵی، بەداخـەوە ئـەو عەقڵییەتـەی نێـو بزاڤـی سیاسـی دیاردەیـەکی لیّ کەوتۆتـەوە، بڕواناکـەم لـە جیهانـدا وێنـەی زۆر بـیّ، ئەمەشـیان لـە وەختێکدایـە خۆمـان بـە پێـشکەوتوو دەزانـین، ئـەو دیاردەیـە پێـچەوانەی ئـەو کۆمەڵگایانەیە کە دەمانـەویّ پێیان بگـەین. لای ئێمـە کابرای رووتەڵـە دەچێتە نێو کایەی سیاسی و کـە دەوڵەمەنـدبوو دەبێتـە سـەرمایەدار و لـەوێڕا دێتـەوە ناو کایـەی ئابووری و بازرگـانی و خـۆی ئاسا کۆمـەڵ دەگـۆڕیّ و منـەت بەسـەر کۆمـەڵگادا دەکات و شـەرعیەت بـەو گۆڕانـەی خـۆی دەدات، کـە پێیـی وایـە لـە کۆتاییـدا خزمـەت دەکـا و کۆمـەڵیش دەگـۆڕیّ. لـەجیهانی پێـشکەوتوودا کـە بـەبیّ ئاگـایی خۆمـانی لەگـەلّ بـەراورد دەکـەین، کـابرای سـەرمایەدار پاش دەوڵەمـەندبوون ئینجا بـە کۆمـەڵێك پـرۆژەوە دەچـێتە نێـو سیاسەتەوە.

ئێـستا لـە نێـو کۆمـەڵگای ئێمـەدا ژمارەیـــەکی زۆر بیروبۆچـــوون و رەوتـــی جیاجیـــا دەبیـــنین، کـــە هـــەموویان بـــە دەرگـــا ئاواڵەکـــەی کۆمـــەڵگادا هاتوونەتـــە ژوور و تاقیگـــەکانیان خـــستۆتە گـــەڕ و هەریەکـــەی دەیـــەویّ بـــە لایەکـــدا بمانگۆڕیّ، بـە هـەموانیش ئاگایـان لـە نـەوەی نـویّ نییـە و ئەوانـەی دەیانەویّ کار لەسەر گۆڕینی کۆمەڵ بکەن جێگەیان توند قایم کردووە و ئامادەنین بـە کەسـی دیکـەی بـدەن، بۆیـە ئـەمڕۆ (ئاراسـتەی گـۆڕان) لـە کۆمـەڵگای ئێمـەدا پێویـستی بـە لێکۆڵینـــەوەی ورد هەیـــە و ئـــەم گۆڕانـەش پێویـستی بـە گۆڕانـە گۆڕان.



نەوەیەک لە چاوەڕوانی کرانەوەی دەرگا داخراوەکان

کۆوار

# ستراکتۆرەکانی گۆڕان لە واقیعی کۆمەڵگای کوردستان

حەسـەن مستەفـا



کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ڕێگەی کۆمەڵێك گۆڕانکاری (رادیکالی و ریفۆرمی) لە ئاستێك بۆ ئاستێکی دی و لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی ترو لە نێوکۆی نەتەوەیەك بۆ نێوکۆی نەتەوەیەکی دی و لە دەوڵەتێك بۆ دەوڵەتێکی دی جیاواز دەرکەوتوون، بەڵام ئەوەی بۆتە ئەنجامێکی بەرجەستە ئەوەیە کە هەتا کۆمەڵگاکان کراوەتربن ئەوا گۆڕانەکان بەرچاوتر بەدیار دەکەون.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەوا کۆمەڵگا داخراو و دوورە پەرێزەکانی نێو جیهانی سێ گۆڕانکاری لە خۆیاندا ناکەن، یاخود گۆڕان روونادات، یان قبوڵی گۆڕان ناکەن لە هەناویاندا، بەڵکو یەکێك لە پاساوەکانی گۆڕان و گۆڕانکاری ئامادەیی زەمینەیەکی بابەتی پڕ لە توندوتیژی و داخراوە، کە تەبریر دەداتە دەست بۆ ئەوەی لە هەناوی ئەو کۆمەڵگایەدا گۆڕان دروست ببێ و ناشبێ ئەوە لە یادبکەین ئەوانەی لە کۆمەڵگادا بە گۆڕان ڕادەبن نابێ لە پەرچەکردار بترسن و سڵ بکەنەوە لەوەی ئازار و ئەشکەنجە و دوورە پەرێز دەکرێن و زۆرجار تۆمەتی گەورە گەورەیان دەخرێتە پاڵ و هەوڵی ئەوەیان لەگەڵ دەدرێ کەوا ڕای گشتییان لەسەر دروستبکەن و بەر نەفرەتیان بدەن و لە کۆمەڵگا دووریان بخەنەوە. ئەمە لە تویێ لاپەڕەکانی مێژوودا سەدان پەند و دەرسی لەم چەشنە ئامادەییان هەیە، کە مێژووی ئەو ئەوروپایەی ئێستا بۆتە بەهەشتی تەواوی خەونەکانی مرۆڤایەتی، بەم قۆناغەدا تێپەڕیوە و ملی چەندان داهێنەر کەوتۆتە بەر مەقسەلەی دادگاکانی تەفتیشی، کە دەزگای کڵێسەی کاسۆلیکی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ داهێنەران و ئەوانەی دامەزراندبوو، کەوا بەو مەیلە خەڵك ئاراستە دەکەن یان ئاراستەیان دەکرد. بە واتایەکی تر ئەو ئەتمۆسفێرەی ئێستا ئەوانی تێدان (تەواوی وڵاتە پێشکەوتووەکان، مەبەستە) خۆ کردو سروشتی ڕسکاو نەبووە، بەڵکو هەوڵی زۆر و خوێنی زۆری لە پێناودا ڕژاوە تا بەرهەمی رەنج و خەون و ئەندێشە داڕێژراوەکانیان کە هەمیشە دیدێکی بەهەشتی هەبووە، واتە گەڕانیان بەردەوام بووە بۆ دۆزینەوەی ئەو ئامرازانەی کەوا کۆمەڵگایەکی بەختیاری لەسەر بنیات دەنرێ، بنیاتیان ناوە و رۆژ بە رۆژیش ژیانیان بە مۆدێلی جوان فەنتازیا کردووە.

قسەکردن لەسەر ئەم ڕەهەندە و گواستنەوەی بۆ ناو واقیعی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردەواری، راستەوخۆ قسەکردە لەسەر دەسەلاتی فەوقی کۆمەڵگا، کە چ جۆرە دەسەلاتێکە و بوارەکانی گۆڕان لە کام کەلێن دەتوانرێ سەرهەڵبدەن. بە دیوێکی دیکەشدا



تیرۆر، شەڕی قبوڵ نەکردنی ڕۆشنگەری

دەستنیشانکردنی ئەوانەیە کە جورئەتی ئەوە دەدەنە بەر خۆیان کەوا باسی گۆڕان بهێننە پێش، یان بەدیدێکی رەخنەگرانە بڕواننە بابەتی سواو و بێکەڵك، کە تاکی کوردییان پێ لەخشتە براوە. بەمانا گشتیەکەی گوزارە لە خواستی ئەوانە بکات کە پەیامێکی نوێ و مۆدێرنیان پێیە کە لەگەڵ هەلومەرجی نوێ تەریب دێتەوە.
ئەو گۆڕانانەی مەبەستن لە کۆمەڵگا داخراوەکان بێنە دی لە زۆربەی جاردا ڕووبەڕوو بوونەوەن لەگەڵ سەرخانی فیکریی و ئامادەیی فەرهەنگیی و کولتوری و ڕێوەڕسمە کۆنینەکانی نێو ترادیسیۆنی ئەو کۆمەڵگایە، کە بێ شك ئەمەش ململانێیەکی هەروا ئاسان نابێ، چونکە بوونی ئەمانە و دانانی ڕەکیزەکانی خۆیان لە ناخ و ڕۆحی کۆمەڵگا پێویستی بە ئسلوبێك دەبێ بۆ ئاراستەکردنی فیکرەکە و



جیهانگیری، سەردەمی شکانی سنوور کۆوار

دروستبوونی پردێك بۆ گفتوگۆ لە نێوان بۆچوونەکاندا.
ئاشکرایە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ڕووی دەمی گۆڕان ڕووی لە توێژی لاوان و ڕۆڵەی تازە پێگەیشتووانە، بۆیەش زیاتر موتابەعەی ئەوان دەکرێ، چونکە ڕێڕەوی مێژوو ڕووی لەبەرەو پێشەوەیە و ڕۆژ بە ڕۆژیش لەگەڵ گۆڕانەکاندا هاوشانی دەکات و لێرەوەیە مێژوو تەریب دەبێ لەگەڵ پێگەیاندنی نوێ و لاوی نوێ، یان بە مانایەکی دی لاوی نوێ یە گۆڕانی نوێی مێژوویی لە خۆی بەرجەستە دەکات و ئەو ئامرازانە دەناسێ کە لەسەردەمی ئەودا ئامادەییان هەیە جا ئەو ئامرازانە (ماددی بن یان مەعنەوی).
لێرەدا زۆر بە ئاسانی دەتوانین هەندێ توخمی نوێ هەست پێبکەین کە لەنێو توێژی تازە پێگەیشتوان دەردەکەون، یان جۆری داخوازییەکان لە توێژی لاوان بۆ توێژێکی تری هەڵکشاوتر لە تەمەن (پیرەکان) بە جیاوازی ببینین.
بۆیە ئاسان نییە بەبێ دەستنیشانکردنی خودی کۆمەڵگایەك و توێژەکانی کۆمەڵگاکە و ئاستی فیکریی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان قسە لەسەر گۆڕان بکەین، چونکە گۆڕانکاری هەڵگری رەگەزێکی شمولییە و ئارەزووی دەستکاری کردنی گشت کایەکان دەکا.
لەو باسەدا ئێمە دەمانەوێ قسە لەسەر کۆمەڵگای خۆمان بکەین و بەدیاریکراویش لەسەر بیروبۆچوونە (سیاسی و مێژوویی و عەقیدەییەکانی) حزبە ئیسلامیە سیاسیەکانی لەمەڕ خۆمان، باس لە هەندێك لەو رەگەزانە دەکەین کەوا ئەوان بەهۆیانەوە دەیانەوێ گۆڕانێك لە بونیادی کۆمەڵگای کوردەواری بکەن.
حاشا هەڵنەگرە زۆر لەگۆڕانکارییە سیاسییەکان لە هەناوی کۆمەڵگاکەماندا پشتیان بە یەکەی سیاسی قایم بووە، ئەوەش زیاتر لە چوارچێوەی حزبی سیاسی بەرجەستە بووە. سەرەتا ئایدۆلۆژیا بۆتە دارێژەری بناغەکانی ئەو پەیوەندییە و ڕایەلەکانی توند بەیەکەوە پەیوەست کردوون، هەمیشە ئایدۆلۆژیا خۆی بە ڕەگەزەکانی تر تەغزیە کردووە و مەیدانی کاریشی هەستی تاکەکان بووە بۆ بوون و دۆزینەوەی خۆیان، کە ((کورد)) بوونە و، بێ گومان ئەم رەگەزەش لە درێژایی مێژوودا خەتەری ئەوەی لەسەربووە کە کەوتۆتە ژێرباری تەسلیم بوون بە واقیع. واقیعێك کە دوژمنەکانی هەمیشە ویستویانە فەرزی بکەن، بەڵام بەرخودانەکان بە تینتر بوون، واتە ڕایەڵی پەیوەست بوون و خۆ گرێدان بە نەتەوە زۆر بەهێزبووە، هەرچەندە هەڕەشەکانی لەناوچوون تا لێواری مەرگیش نزیکیان کردۆتەوە (کە ئەمەش باسێکی جیاوازتر و تایبەتە و لە بەر درێژبوونی بابەتەکە نایهێنینە سەر).
جا ئەگەر کوردبوون و بەرگری کردن لە پێناویدا وەك تاکە رەگەزێکیش وەربگرین، ئەتوانین بەهۆیەوە باس لە دۆخێکی سیاسی تایبەت بکەین بە کورد، بەڵام ئێمە زیاتر مەبەستمان ئەوەیە بڵێین بەهۆی ئەم رەگەزەوە ئەو فاکتەرانەی ئەنتی ئەوبوون، دۆخێکی سیاسی نوێ دێتە کایە کە لە هەناوی خۆیدا کۆمەڵێك باسی هەڵگرتووە، گرنگترینیان باسی نەتەوەیەکی کلۆڵە و دەیەوێ بەهەر جۆرێ بێ ناسنامەی خۆی نەدۆڕێنێ، پێشتر بە ئاماژەیەکی کورت باسمان لە یەکەی سیاسی (حزب) کرد کەوا بۆتە هۆکارێك کە تەواوی جەمسەرەکانی لەخۆ کۆکردۆتەوە و هەر لە ڕێی ئەو بۆتەیەشە گۆڕان سەرهەڵدەدەن. واتا حزب لە پانتاییەکی فراوانی کۆمەڵگادا دەبێتە لانکەی گۆڕانەکان، بە هاوشانی لەگەڵ فاکتەرەکانی تردا کە ئەوانیش هەڵگری هەمان خاسیەتن، واتا بەبێ حزب ناتوانین زۆرترین گۆڕان



چەقۆ.. مۆدێلێکی ترسناکی تیرۆر کۆوار

بکەین، یان بەبێ ئامادەبوونی حزب گۆڕانێك ئامادەیی نابێ، کەواتە گۆڕانەکانیش لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا گۆڕانی تازەن و مێژوویی نین، چونکە پێکهاتەی حزب، پێکهاتەیەکی تازە و نوێ یە لە مێژووی میللەتەکەماندا و ڕەگەکانی چەند ساڵێکی کەمە ڕۆچوونەتە ناو مێژووی هەزاران ساڵەی نەتەوەکەمان.

ئەوی جێگەی باس و سەرنجە تەواوی سیاسییەکانی کوردستان لە فۆرمی بزوتنەوەی (ناسیۆنالی – دیموکراتی – سۆسیالیستی) ڕەنگیان داوەتەوە، تا لە کۆتاییەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی سەرهەڵدەدات، بەڵام لەبەرئەوەی لەو کاتەدا باری کوردستان ڕەوشێکی ناجێگیری هەیە و ڕووی لە نشێوە، هەرچی بزووتنەوە و حزبی ئەو سەردەمەن، بەواتا زادەی ئەوکاتن ئەوا کەمتر دیاردەکەون تا دوای ڕاپەرینی ئازاری 1991.

لەگەڵ ڕاپەریندا، زەمینەی دیموکراسی دەسازێ بۆ بوونەوەی دەرووِ لەسەر پێکهێنانی پارتی سیاسی، لەو سەردەمەدا ڕەوشی کوردستان بێ نەزمیەك بەخۆیەوە دەبینێ، چونکە هەموو لا دەکەونە هەڵپەی گردکردنەوە و کۆکردنەوەی جەماوەر بەدەوری بارەگا بێژمارەکانیان، هەرچی ڕەوتی ئیسلامیش بوو تۆزێك خۆپارێزتر و داخراوتر و بەپێی میکانیزمی ( قەبول کردن یان ڕەفزکردنەوە)، کە لەگەڵ بەرنامەی ئەواندا یەکی دەگرتەوە درێژیان بەکاری سیاسی خۆیاندا و ئەندامەکانیان بە بێ پەروەردە و بینینی دەورە بە زەحمەت ئاراستەی ناو خەڵك دەکران.

هەرچەندە ئەوانیش زیاتر بیریان لە کۆکردنەوەی زۆرترین ڕیژە دەکردەوە بۆ نێو ریزەکانیان و لەم هەنگاوەشیاندا سەرکەتوو بوون، بەڵام هەر زوو پێش ئەوەی بتوانن لە ئامانجەکانی خۆیان بە تەواوی نزیك بکەونەوە، چ لەبەر بێ ئەزموونییان بێ، یاخود بێ ئارامی نەیانتوانی چیتر ئەوەی لەناو دەروونیاندایە پەنگی بدەنەوە و دەری نەبڕن، ئەوەبوو دەرەنجام شەڕێکی قورسی لێ کەوتەوە، کە زیاتر بە زەرەرمەند بوونی خۆیان کەوتەوە، لە کۆمەڵێك ڕووەوە:

**یەکەم: هێشتا زووبوو بۆیان و تەواو تەیار نەکرابوون.**

**دووەم: ملیان نایە بەر هێزێکی شەڕکەر و بە ئەزموونی نێو مەیدانی سیاسی_چەکداری کوردستان.**

**سێیەم: هێزەکانیان بڵاوکردبووە زۆر ناوچەی کوردستان.**

**چوارەم: هێشتا زوو بوو بۆ ئیستعابی فیکری ئەوان لەناو واقیعی کوردستان.**

**پێنجەم: خەڵك بە تەواوی لە ئامانجەکانی ئەوان تێنەگەیشتبوو، بۆیە زۆربەی جەماوەر دواجار دژیان وەستانەوە.**

**شەشەم: گیرانی سەرکردایەتیان، گەورەترین زیان بوو بەریان کەوت.**

تا ئێرە گێڕانەوەیەکی مێژوویی_واقیعییە، زیاتر باس لە ڕەهەندەکانی دی نەکراوە کە پەیوەستن بە باسەکەمان، ئەویش ئەو پرسیارەیە کە ئایا بزوتنەوە ئیسلامیەکانی کوردستان بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی_سیاسی و ئابووری کوردستان، ڕێگەی ڕیفۆرم هەڵدەبژێرن، یان ڕادیکاڵی؟ بێشك، ئەمە لە یەکێك لە وێستگەکانی خۆی دەبێتە خاڵی جیاوازیی، لە نێوان ئەندامان و سەرکردایەتی بزووتنەوە، کە باڵێکیان بڕوای بە ڕیفۆرم هەبوو و لە ڕێی ئەم ڕەهەندەوە حزبی خۆیان بنیات ناو خۆیان بەدوور گرت لە هەموو موهاتەراتێك و بەتەواوی خۆشیان لەو مێژووە جیاکردەوە کەوا



شکانی کۆتەکان.. سەرەتای گۆڕان کۆوار

بزووتنەوە سیاسییەکەیان لە باڵێکی دیدا درێژەی بەکاری سیاسی بزووتنەوەکەدا، ئەوانیش ڕەوتی توندڕەوی ئایینی و پەنایان بردە بەر ڕێبازی ڕادیکاڵی ئیسلامی و کردیانە شاڕێبازی فیکریی و حەماسی خۆیان، بەڵام هەر لە ڕێی کاروانەکەیاندا ئەو ڕێبازەشیان چەند کەرت دەبێ، کە هەریەکەی لە ئاوازێك دەخوێنێ (نموونەکانیش دیارن پێویستیان بە پەنجە خستنە سەر ناکات).

بەڵام ئەوەی پێویستە پەنجەی بخرێتە سەر، ئامادەیی و نائامادەیی کۆمەڵگای کوردستانە بۆ پێشوازی کردن لەم ڕەوتانە، کە لە ئەنجامدا دەرکەوت ئەوانیش توانیویانە لە تەك ڕێبازە مێژوویی و ڕەگ داکوتاوەکانی تری سەر گۆڕەپانەکە، ڕەگی خۆیان لە ناو جەماوەری کوردستاندا دابوکتن. ئەتوانین ئەمەش ناوبنێین گۆڕان یان جولان لە واقیعی کۆمەڵایەتیمان، بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە، ئەم گۆڕانە بە چ ئاراستەیەکە و ڕووی لە کوێ یە؟ هەروەها پێگەکانی گۆڕان کامانەن و کام پێگە لەبەرچاو دەگیرێ بۆ گۆڕانکاری بونیادیی لە چوارچێوەی کۆمەڵگاکەماندا و تا چەند خەڵك بەرەو پیری بانگەشەی هێزە ئیسلامیەکان دەچێ یان چووە؟ یان ئەوانە کێن خوازیاری ئەوەن لە پاڵ بانگەشە و دروشمەکانی ئەواندا ئاسودەبن؟ یان ئەو بۆتەیەی کە نێوی (دەوڵەت_نەتەوە)یە چۆن دەتوانرێ لەسەر پرانسیپەکانی ئایینی کە ئەو هێزانە دایانڕشتوە بینا ببێ، لە کاتێکدا نەتەوە کۆمەڵێك بنەمای تر وەخۆ دەگرێ کە لاوازترینیان بنەمای ئایینی یە؟ بۆ ئەمە زۆربەی تیۆریزان و کۆمەڵناسەکان لەسەر ئەو ڕایەن، کە ئایین ڕەگەزێکی لاوازی نێو کایەی نەتەوەیە.

ئەوە بۆ کورد ئەو هەلومەرجەی تێدایە ڕێك وەك خۆی دێتەوە، بەڵام ئەو تیۆرانەی کە باس لە لاوازی ڕەگەزی ئایین دەکەن لە بۆتەی نەتەوەدا لە جیهانی عەرەبی_ئیسلامیدا کەوتوونەتە ژێر پرسیار و تیۆرزانە عەرەبەکان بە جۆرێکی تر پێناسەی دەکەنەوە، ئەوتا (نجاح الطائي) کە نووسەرێکی ئیسلامیە دەڵێ "ناسیونالیزم تاکە هۆکاربووە بۆ تێکشاندن و لەبەر یەك هەڵوەشاندنی ئوممەتی ئیسلامی، ئەگەر بێتو ئێمەی کوردی موسڵمانیش ئەم میتۆدە وەك خۆی وەربگرین، ئەوا دەبێ نەتەوە ملکەچی ئوممەی ئیسلامی بکەین، لە کاتێکدا کە

ئوممەی ئیسلامی لە چەندین هەڵوێستی زۆر نالەبار ئێمەیان بە ئەنتی خۆیان زانیوە و لە قسەی شەڕ بەولاوە قسەی خێریان دەرحەق بە ئێمە بەزاردا نەهاتووە ".

ئەو لەهجەیەی ((نجاح الطائی)) پێی دواوە، ئەکرێ بە ئاسانی لەنێو فەرهەنگی هێزە توندڕەوە ئیسلامیەکانی غەیری عەرەبی بدۆزینەوە، لەنێویشیاندا ئیسلامیەکانی لای خۆمان، کە ئەوەندەی لە خزمەتی ئەو ئاڕاستەیەدا



چەک.. دوژمنی سەرسەختی مرۆڤ   کۆوار

بوونە، ئەوەندە لە خەمی نەتەوەکەدا نین. ئەمەش مافێکی ڕەوای خۆیانە چونکە بیروباوەڕ و قەناعەتیان بەم جۆرەیە.

ئەگەر مێژوویێکی دوورتریش وەربگرین لە مێژووی خۆمان و لە پێش گەشە و نەش و نماکردنی بزووتنەوە ئیسلامیەکانی ناوچەکە، ئەوا بە شێوەیەکی گشتی (شۆڕشەکانی ئیسلامی) ڕوویان لە گۆڕانی رادیکاڵی بووە و تەواوی ئەوسیستەمانەیان کە ئامادەییان هەبووە لە حوکمدا وەرچەرخاندۆتە سەر باری ئەوەی ئەوان مەبەستیان بووە، ئێران و ئەفغانستان دوو نموونەی بەرجەستەن لەم جۆرە گۆڕانەدا.

وە ئەوەی هێزە ئیسلامییەکانی لای خۆشمان تەنزیراتی بۆ دەکەن بەدەر نییە لە ڕەوتێکی لەم چەشنە، بەڵام واقیعی کوردستان تەواو جیاوازە لەگەڵ واقیعی ئێران و ئەفغانستان، چونکە لەوێ یەکەی سیاسی چۆتە قاڵبی دەوڵەت و لەگەڵ یەکەی نەتەوەدا تەواو یەکیانگرتۆتەوە (ئەمە دیدی ئێرنست گیلنەر)ە و هیچ ختورەتێکی دەرەکی لەسەر پارچە پارچەبوونیان لە ئارادا نەبووە و نیشە. بەڵام کوردستان یەکە سیاسیەکەی تا ئەمڕۆ نەچۆتە ئەو قاڵبە و هێشتا بە قۆناغی رزگاریدا تێ دەپەڕێ، بەڵگە نەویستە بۆ ئەم قۆناغەش هەر بیری یەکێتی نەتەوەیی ئەتوانێ پرۆسەکەی بە ئەنجام بگەیەنێ و کورد بە دەوڵەتی خۆی شاد بکا نەوەك خواست و ویستی دی.

ئەگەر بێتو وەك تاکتیکێکی سیاسی بزووتنەوە رادیکالە ئیسلامیەکانی لەمەڕ خۆمان وا خۆیان بنوێنن کەوا خیلافیان هەیە لەگەڵ ڕەوتی شۆڕشە ئیسلامیەکانی دەوروبەرمان، ئەوا لەگەڵ خۆیاندا ڕاستی ناڵێن، چونکە بنەمای فیکری ئەوان لەسەر ئەم میتۆدە هەڵچنراوە. بۆ ڕای ریفۆرم خوازەکانیش ئەوا ڕای ڕێبەرەکەیان (حەسەن ئەلبەنا) دیار و بەچاوە، کە لە دژی ناسیۆنالیزم دەری بڕیوە و دەڵێ"وەك چۆن بەفر لەبەرامبەر تیشکی خۆردا دەتوێتەوە، ناسیۆنالیزمیش ئەوها لە بەرامبەر برایەتی ئیسلامی دەتوێتەوە، کە قورئان لە دڵی هەر ئیماندارێکدا چاندوویەتی". کەواتە کارکردنی جددی هەردوو ڕەوت لە بنەڕەتدا کارکردنە لەسەر گۆڕینی ئاراستەی بیری خەڵك لە ناسیۆنالیزمەوە بۆ ئیسلامیزم، هەرچی ئەوانەی سەر بە بەرەی ناسیۆنالیزمن نەتەوە بەیەکەم دادەنێن، بە پێچەوانەی بەرەی ئیسلامیە سیاسیەکان، کە ئایین یەکەمەو نەتەوە دەخەنە پەراوێز، بێگومان دواجار واتە لە ستراتیژدا بیرکردنەوەی هەردوو ڕەوتە ئیسلامیەکە (توندڕە و میانڕەو)ەکە لەو خاڵەدا یەك دەگرنەوە، کە هەردووکیان خوازیارن ئاراستەی بیری خەڵك بگۆڕن بەرەو ئاراستەی ئیسلامی سیاسی.

هەروەها کە باس لە گۆڕان دەکرێ لە بۆتەی نەتەوەیەکدا دەبێ تەواو دەستکاری سمبولەکانی بکرێ لە (کولتور و زمان و ئەفسانە و بیری خەڵك و ترادسیۆن... هتد) ئەم هێزە سیاسییە ئیسلامیانە بەخشکەیی توانیویانە هەندێ گۆڕان لە چوارچێوەی ئەندام و دۆست و لایەنگرەکانیان بکەن، لە تەوزیفکردنی هەندێ دابی نوێ لە جێی داب و نەریتی کوردەواری و گۆڕینی شوێن گرتنی ناوە کوردییەکان بەناوی عەرەبی یان ئیسلامی و زۆری تر، کە ئەمەش کۆمەڵگای ئێمە ڕووبەڕووی پێکدادانێك دەکاتەوە لە ناوەوەڕا کە مەرج نییە تەحەمولی بکات، چونکە بە تەواوی نەکەوتۆتە سەر پایەکانی خۆی.

هەرچەندە کەسانی نەتەوەییش گۆڕان و دەستکاری هەندێ لە سمبولەکانی نەتەوە بە گرنگ دەزانن، بەڵام بە ئامانجی ریشەکێشکردنیان نا، بەڵکو راستکردنەوە و جوانکردن و گونجان لەگەڵ هەلومەرجی قۆناغەکە، ئەو کارەش پێویستی بە پێداچوونەوەی بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی تەواو پاك ببێتەوە و بێگەرد ببێ.

ئەرکێکی تری ناسیۆنالیستان بە تاك و بزووتنەوەکانی ئەوەیە، دەبێ هەمیشە مێژوو فەنتازیا بکەن و پڕی کەنەوە لە سمبولی جوان و لە قازانجی ئایندە بەکاری بێنن، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو ئاشنایەتییەکی تەواوی هەبێ بۆ نەتەوەکەی، هەر نەبێ لە ڕێی ناسینی مێژووی نەتەوەکەیدا. ئێمە تەواو هەست بەوە دەکەین کەوا عەرەب مێژووەکەی پاراستوویەتی، مێژووەکەی بۆتە زەخیرەیەکی کولتوری بەهێز و لە هاوکێشەکانی هێزی جیهانی حیسابی بۆ دەکرێ.

لە کۆتاییدا دەڵێین، هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، کام مێژوو لە خۆیان بەرجەستە دەکەن، وەك دەبینین ئەوەی تا ئێستا کردوویانە بۆ مەبەستی سیاسی یان لە ڕووی سیاسیدا پەنایان بۆ مێژووی نەتەوە بردووە و ئەو توخمەیان وەرگرتووە و کاریان لەسەرکردووە، بەڵام لە ڕووی عەقیدەیی ئەوەیان نەشاردۆتەوە کە پابەندن بە مێژووی ئیسلامی و پابەندن بە ئەنتەرناسیۆنالی ئایینی، بۆیە زۆر جار لە حاڵەتی ئیبرازکردن و زیاتر زەقکردنەوەی کاری دووەمینیان، هێزە ئیسلامیەکانی کوردستان بە نامۆیی لەناو کۆمەڵگای خۆیاندا دەرکەوتوونە، بەڵام نابێ و ناکرێ تاسەر بە دوو سەر بڕۆن، سەرێکیان سەربکات بە ماڵی نەتەوە و سەرەکەی تریش بچێتەوە ماڵی ئایین، دەبێ موخەییەربن لەنێوان هەردووکیانداو یەکێکیان پەسەند بکەن و کۆنتاکتی نێوان ئەم دوو ڕایە بپچڕێنین، یان دەبێ بە پیر مێژووی نەتەوەوە بێن، کە ڕوو لە ئایندە و گۆڕانە و نەتەوەکانی تری دەوروبەریشمان لە پرۆسیسی مێژووییدا پەسەندیان کردووە و پیایدا هاتوون، یان بەرەو مێژووی ئیسلام بڕۆن، کە ڕوو لە رابردوە، کە ئەم ڕەوتە لە سروشتی خۆیان نزیکترە.

# کەسمان خاوەنی راستەقینەی رەهانین

فەرسەت سۆفی

کاتێک (هیتلر) بانگەشەی بۆ حەقیقەتی رەهاکرد و بەئاگر و ئاسن دەیویست ئەڵمانەکان پیرۆزبکات و دنیا لەژێر سێبەری حەقیقەتی ئەو دابێت، (30 تا 40) ملیۆن مرۆڤی کردە قوربانی.

کاتێك (مۆسۆلۆنی) شۆڤینیەتی وەك راستەقینەی رەها ناساند و بڕیاریدا هەموو جیاوازیەکان بە خوێن بسڕێتەوە، شۆڤینیەت بووە نموونەی باڵای قێزەونی.

کاتێك (میلۆسۆڤیج) ویستی پاکتاوی نەژادی سڕبەکان بکات و حەقیقەتی سەر شێتانەی خۆی بناسێنێت، لەنێو قەفەسی تاوان گیرساوە.

کاتێك(سەدام) ویستی لە رێگای جینۆساید و کیماباران وەك (قائیدی ئوممەی عەرەبی) دەرکەوێ، دەرەنجامەکەی کونێکی تاریك و ریشێکی چڵکن و روخسارێکی لێوان لێو لە شەرمەزاری بۆ مایەوە.

ئەوانە و سەدانی تریش کاتێك ویستیان ببنە خاوەنی راستەقینەی رەهاو لە پێناوی بەدیهێنانی خەونەکانیاندا بە خوێن و ئاگر و ئاسن هاتنە مەیدان، جگە لەوەی مرۆڤایەتیان خەڵتانی خوێن کرد، خۆشیان کەوتنە بەر نەفرەتی مێژووی مرۆڤایەتی. لەبەرامبەر ئەمانەش، کاتێك(غاندی) میللەتێکی(900) ملیۆن کەسی رزگار کرد و تەنها یەك فیشەکیشی نەتەقاند و لەدوای خۆشی پەیامێکی مرۆڤانەی جێ هێشت، تەنانەت بۆ ئەو کەسەش، کە تیرۆری کرد لە دوا ساتەکانی ژیان لێ بووردنی خواست.



کاتێك(مارتن لۆسەر کینگ) لە شەستەکانی سەدەی رابردوو لە رێگای مانگرتنی شارستانی و خەباتی فیکری توانی هەموو مافێکی هاوولاتی بوون بۆ رەش پێستی ئەمریکی بگەڕێنێتەوە، تەنانەت پێشتر رەش پێستەکان مافی ئەوەیان نەبوو لە رێزی پێشەوەی پاسەکانیش سواربن و مافی دەنگدان و خۆپالأوتنیشیان لێ زەوت کرابوو، وا ئەمڕۆش لە سایەی تێکۆشانی نەرم ونیانی( کینگ) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، کە یەکێکە لە رەش پێستەکان. کاتێك( نیلسۆن ماندێلا) زیاتر لە چارەگە سەدەیەك بۆ رزگاری ئەفریقیای باشوور تامی تاڵی زیندانی چەشت، تەنها بۆیەك جاریش پەنای نەبردە بەر چەك و توندوتیژی و تا سەرکەوتنی یەکجاری کوڵی نەدا. بەدەرخستی ئەم جیاوازیانەی نێوان، (غاندی و هیتلەر)، ( مارتن لۆسەرکینگ و مۆسولۆنی)، (نیلسۆن ماندێلا و سەدام ) دەمانگەینێتە ئەوەی کە پەیامی لێبووردەیی هەمیشە ئەنجامەکەی سەرکەووتن و نەمری بووە. لەبەرامبەریشدا شەڕو توندو تیژی چارەنووسەکەی هەر شکست و داڕووخانە.

لە دەروازەی سەدەی بیست و یەك و هەزارەی سێیەم جیهان گۆڕانی گەورەی بە خۆوە گرتووە، شان بەشانی پیشکەوتنی تەکنەلۆژی و فکری و زانستی و شان بە شانی مەدەنیەت و سیکۆلاریزم و دیموکراتیەت و فرەیی، بەرەی شەڕ و تاریکی بەردەوام بانگەشەی راستەقینەی رەها دەکەن و لە دەرەوەی بازنەی خۆیان نەفی هەموو مرۆڤایەتی دەکەن.

رۆژهەلأتی ناوەڕاست ئەمڕۆ بووەتە مەیدانی توندوتیژیەکان و یەکلاکردنەوەی ململانێکان، هەر لە توندوتیژی دەسەلأتە دیکتاتۆرەکان تا توندڕەی فەندەمەنتالیستی ئایینی، ناوچەکەی خستۆتە نێو گێژاوێکی ترسناك، ئەمە وێرای ئەوەی (U.S.A) و هاوپەیمانەکان هاتوون و مەترسی تیرۆریان لەنێو ماڵی خۆیان دوورخستۆتەوە و شەڕەکەیان هێناوەتە نێو جەرگەی خۆرهەلأتی ناوەڕاست.

خۆرهەلأتی ناوەڕاست تا ئەمڕۆ بە قەلأی دکتاتۆرەکان ماوەتەوە و هێشتا زۆرن ئەو حاکم و سوڵتانانەی، کە دەیانەوێت خۆیان بکەن بەخاوەنی راستەقینەی رەها، دەیانەوێ لە رێگای ناچارکردنی بەرامبەر، نەك قەناعەت پێکردنی، بیرورا تاك رەوەکانیان بچەسپێنن، کە ئەمەشیان بیرۆکەیەکی رەت کراوەیە لە دونیای ئەمڕۆ جێگای نابێتەوە.

هەروەها تەوژمی تیرۆر و ئیرهاب و توندڕەوی ئایینی، ئەم ناوچەیەی بە فراوانی گرتۆتەوە.

بۆیە کارکردن لەسەر پرەنسیپی لێبوردەیی و دیموکراسی و رێزگرتنی رای جیاواز لەم ناوچە پڕ لە گێژاوە، قوربانی دەوێ و دەبێ هەناسەکان لەم پێناوە درێژو و ماندوونەناس بن.

هەموو ئەو جەنجاڵیەی، کە خۆرهەلأتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراقی بە تایبەتی گرتۆتەوە، کارتێکردنی گرنگی بۆ سەر رەوشی ئێمە هەیە و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی وردی دەوێ.

کارکردن بە پرنسیپی خۆ بە خاوەن زانینی راستەقینەی رەها، لە نێو پێکهاتە و مەزهەبە ئاینییەکانی عێراق بە ئاشکرایی هەست پێدەکرێت و هەر ئەمەش وای کردوە، رۆژ بە رۆژ رەوشی عێراق بەرو قەیرانی ئاڵۆزتر بچێت و کێرڤی تیرۆر و توندوتیژی لەبەرزبونەوە دابێت.

لە کوردستانیش قبوڵ نەکردنی رای جیاواز و کارنەکردن بە بنەماکانی دیموکراسی و گرتنەبەری رێوکاری توندڕەوانە هێشتا لەئارادایە.

جا بۆیە گەر بمانەوێ کوردستان بە راست و کردار بکەینە نموونەی رۆژهەلأتی ناوەڕاست، دەبێ لێبوردەیی و دیموکراتیەت و رەت کردنەوەی حەقیقەتی رەها و کرانەوە و یەکترقبوڵ کردن، بە ئایدیا جیاوازەکانیشەوە، بکەین بە پڕەنسیپەکانی ژیان.

(گاندی) دەڵێ: "هێندەی رێز لە بیروباوەڕەکانمان دەگرین، دەبا رێز لە بیروباوەڕی ئەوی دیکەش بگرین، چونکە بەبێ ئەم ئازادیخوازیە ناتوانین بەدوای ئازادیدا بگەڕێین".

کەواتە ئازادی بەپێی فەلسەفەی( گاندی ) لەوکاتە لەدایك دەبێت، کە توانای خوێندنەوەی ئەوی جیاوازمان هەبێت، ئازادی ئەو کاتە دەخەملێت، کە دیدگامان بۆ حەقیقەت دیدگایەکی سینەمایی و گۆڕاو و جولأو بێت، نەك فۆتۆگرافانە و چەسپاو لێی بڕوانین، چونکە ئەوەی دوێنێ حەقیقەت بوو، ئەمڕۆ دەبێتە وەهم و ئەوەی ئەمڕۆش حەقیقەتە، بەیانی حەقیقەتی نوێتر سەر هەڵئەدەن.

لە کۆتایی دەمەوێ بڵێم، کەسمان حەقیقەتی رەهامان لا نییە، هەموومان بە ئایدیای جیاوازەوە دەتوانین کوردستان بکەینە بوکی خۆرهەلأتی ناوەڕاست.

# پەیکەری ئاشتی ( لاهای )

کامیل فەخرەددین

**لاهای ئەو شارەیە، کە هەمیشە خەونم پێوە دەبینی، لە ساڵی 2005 ئەو خەونەم هاتە دی و لاهای شۆخم بینی، هەر بە گەیشتنم هەواڵی دادگای لاهایم پرسی، زۆر بە ووردی پیای گەڕام، زۆر حەزم کرد لە ڕووی مێژووییەوە زانیاریم هەبێ، بۆیە ئەو پیاوە بەڕێزەی کە ناوی (یائیل سنگل) بوو ئەم زانیارییە مێژوویانەی بۆ باس کردم .. منیش بە ئامانەتەوە ئەیخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد.. بە هیوام سودمەند بێ.**



لەساڵی 1898 لەسەر بانگهێشتی تزاری رووسی دەبووایە کۆنفراسێکی ئاشتی ببەسترایە، بەڵام لەبەرئەوەی هەموولایەك بە وە نەسازان، کە کۆنفراسەکە لە روسیا ببەسترێت هەر بۆیە خرایە هۆڵەندا.

لە ساڵی 1899 نزیکەی 100 کەس لە 26 وڵاتەوە بۆ ماوەی سێ مانگ لە کۆشکی (دەن بۆش) کۆبونەوە و لەسەرەتادا کەوتنە دانوساندن لەسەر داماڵینی چەك و بۆ ماوەی پانزە ساڵ دیاردەی چەکداری نەمێنێت و وڵاتان گرنگی بدەن بەو پڕۆژانەی، کە سوود بە مرۆڤایەتی دەگەیەنن.

لەم کۆنفراسەدا بەشدار بووان هاتنە سەر ئەو باوەڕەی، کە ناوەندێك بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە لە شاری لاهای دابمەزرێت. ئەو ناوەندەش وەك دادگایەکی بچووك ناوزەند کرا، تاوەکو ببێتە ناوبژیکارێك لەنێوان لایەنە ڕکەبەرەکاندا.

کۆشکی ئاشتی، کە لە شاری لاهای بووە ناوەندی ئەم دادگایە، باڵەخانەیەکی زۆرنایابە و نیوەی لەبەردی مەڕمەڕە. ئەم مەڕمەڕە جوانانە کاتی خۆی لە ئیتالیاوە بە تایبەتی بۆ ئەم کۆشکە هێنراوە، هەروەها کۆشکەکە ڕازێنراوەتەوە بە سەدان مەتر مۆزایك، کە لە فەرەنساوە هێنراوە و لەنێوان ساڵانی 1910 و1911 دەیان کچی فەرەنسی ئەو بەردانەیان بە وێنەی جوانەوە چنیوە. لەوەوە تێڕامێنن کە چەند بەردی مۆزایکیان لەو کۆشکەدا بەکارهێناوە.

ئەو کاتەی ( کارنانی) لەساڵی 1904 دا نزیکەی یەك ملیۆن و نیو دۆلاری بۆ درووستکردنی کۆشکی ئاشتی تەرخان کرد، پاشان ویستی کتێبخانەیەکیشی لەنزیکەوە هەبێت، هەر بۆیە کتێبخانەیەکەشی لە نێوکۆشکەکەدا دروستکرد، تاوەکو مێژوو و بیرەوەرییەکانی ئاشتی و سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی لەخۆبگرێت.

لەم کاتەدا چەندین دادوەر لە کۆشکی ئاشتی دا کار دەکەن، لەوانە پێنجیان سەر بە کۆمەڵگای خۆرئاوایی و سیانیان ئاسیایی، سیانیان ئەفریکین، دووانیان سەر بە ئەمریکای لاتینن و دووی تریشیان سەر بەو ووڵاتانەن، کە پێشتر سەر بە بلۆکی سۆسیالیستی خۆرهەڵات بوون. دادگای نێودەوڵەتی لە ساڵی 1946 دامەزرا. ئەم دادگایە یەکێکە لە شەش پایە گرنگەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

دادگاکە دووکاری گرنگی پێ سپێردراوە، یەکەمیان هێمنکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێودەوڵەتانە و دووەمیان ئامۆژگاریکردنی بەشە سەرەکی یەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کێشە نێودەوڵەتییەکاندا.

بۆ یارمەتیدانی دادگاکە نزیکەی 80 تا 90 کەسی پسپۆر یارمەتیدەری دادگاکەن. هەروەها نزیکەی 40 تا 50 کەسی تر، کە هەر یەکەیان سەر بە نەتەوە و ڕەگەزی جیاوازن لە کێشەیاساییەکاندا ئامۆژگاری یاسایی پێشکەشی دادگاکە دەکەن. جگە لەژمارەیەکی زۆر لە کارمەندان و ئەندامانی سکرتاریەت و شارەزایانی ئەرشیف و کتێبخانە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی دادگاکە. ئەوەی لەم دادگایەدا یەکسەر تێبینی دەکرێت، ئەو چوار (پەنجەرە)یە کە لە لایەن بەریتانیا پێشکەشی کۆشکەکە کراوە، لەسەر ئەم پەنجەرانە چەندین نەخشی ئەستێرەناسی و بابەتی مێژوویی و ئەدەبیی جیهانی هەڵکەنراوە.




یەکێك لەسەرکەوتنەکانی ئەم دادگایە ئەو ناوبژییە بوو، کە لەنێوان هەردوو وڵاتی ئەرژەنتین وشیلیدا ئەنجامیدا.

سەد ساڵ پێش ئێستا کەسانێك لە و بڕوایەدا بوون ئەو ململانێیەی لە نێوان دەوڵەتاندا بە دەیان سەدە لە ئارادا بووە، بەهۆی ئەو کۆنفراسەوە بێتە چارەسەر کردن و هەندێك یارمەتی ڕەوتی ئاشتی و ئاساییش لە جیهاندا بدەن. بەڵام هەموومان ئەوە دەزانین، کە ئەو کارە چەندێك گران و ئاڵۆزە، دیارە هەموومان باوەڕمان بەوە هەیە، کە سروشتی مرۆڤایەتی بە هیچ شێوەیەك ناگۆڕێت و مرۆڤ لەهەر شوێنێك بێت، ململانێ و رکەبەرایەتی لە وێدا هەیە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە، دەبێت چۆن لە ململانێکان بڕوانین و چۆنیش چارەسەریان بکەین.

لە کۆتاییدا دەتوانین ئەوە بڵێین شاری لاهای بە هۆی ئەم ڕووداوانەوە، گرنگی زۆرتری پەیدا کردووە و لە نێو هەموو شارەکانی تری جیهاندا بووەتە ناوەندی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتییەکان.

# سه‌رده‌می ڕاپه‌ڕین و.. دووانه‌ی وشه

حوسێن مسته‌فا

**زستانی** ئه‌و ساڵ (**ساردو سڕ**)و (**سه‌رماو سۆڵ**) بوو، له‌ كوێستان و لووتكه‌ شاخه‌كان به‌فرو، له‌ قه‌دپاڵیشا(**با و بۆڵ**)و كڕێوه‌، له‌ گوندو ئاواییه‌كانی (**ده‌ور و به‌ر**)یش (**جار و بار**)(**ده‌نگ و باس**)ی پێشمه‌رگه‌و (**جم و جۆڵ**)ی سه‌ربازیمان پێ ده‌گه‌یشت، (**شه‌ڕ و شۆڕ**)، (**گه‌رم و گوڕ**) بوو، دوژمن به‌ (**بڕو بیانوو**)ی جیاجیاوه‌ و به‌ هێزی (**زل و زه‌به‌للاح**)ه‌وه‌ هێرشی بردبوو، ده‌ستی له‌ هیچ تاوان و (**زوڵم و زۆری**)یه‌ك نه‌ده‌پاراست، كوێرانه‌ كه‌وتبووه‌ بۆمبابارانی (**خاك و خۆڵ**)ی ناوچه‌ ئازاد كراوه‌كان و، (**كوشت و بڕ**)ی ئه‌و خه‌ڵكه‌ خێر له‌خۆ نه‌دیوه‌ی (**ده‌شت و ده‌ر**)و(**چیا و چۆڵ**)، ئه‌وه‌ی به‌ چنگیشی ده‌كه‌وت له‌ (**خێر و بێر**)ی ئاواییه‌كان به‌ (**تالأن و بڕ**)ی و غه‌نیمه‌ ده‌یبرد، پێشمه‌رگه‌ به‌ره‌نگارییه‌كی دلێرانه‌یان ده‌كرد، ئه‌وان به‌ته‌نێ نه‌بوون، (**شاخ و داخ**) و ئه‌شكه‌وت و (**كه‌س و كار**)ی (**ڕه‌ش و ڕووت**)ی جوتیارو شوانكاره‌(**پشت و په‌نا**)یان بوون و ده‌ستیان له‌ (**ماڵ و حاڵ**) و (**كه‌ل وپه‌ل**)و(**سه‌روه‌ت و سامان**)ی خۆیان شوشتبوو، بێ (**چه‌ند و چوون**) (**كار و بار**)ی خۆیان وه‌لا نابوو، زۆر (**چوست و چالاك**) و (**گورج و گۆڵ**)انه‌و به‌ (**كه‌ف و كوڵ** )ی كوردانه‌وه‌ سه‌نگه‌رو مه‌ته‌ڕێزیان شان به‌ شانی پێشمه‌رگه‌ به‌ستبوو، خه‌ڵكه‌كه‌ به‌ نان و به‌رگی خۆی، به‌(**چه‌ك و سلاح**)و فیشه‌كی خۆی، به‌رامبه‌ر (**زه‌بر و زه‌نگ**)ی دوژمن له‌ به‌ره‌كانی پێشه‌وه‌ به‌ (**ڕێك و پێك**)ی و بێ خۆدزینه‌وه‌ ده‌جه‌نگان.

ئه‌و ده‌می هێشتان (**ئاڵ وگۆڕ**)ێك له‌ سیاسه‌ت و (**بیر و بۆچوون**)ی هێزه‌ بڕیار به‌ ده‌سته‌كانی دونیا ڕوینه‌دابوو، له‌ ناوه‌خۆشدا (**هه‌ل و مه‌رج**)ی ڕاپه‌ڕین و ڕاوه‌دوونانی دوژمنان نه‌خوڵقا بوو، ئاخر ئه‌وێ ده‌مێ دوژمن له‌ ترۆپكی (**هێز و توانا**) دابوو، هێزێكی چه‌كداری (**زۆر و زه‌وه‌ند**)ی له‌ ژێر نیری فه‌رمان دابوو، تازه‌ش له‌ شه‌ڕێكی حه‌وت هه‌شت ساڵه‌ی خوێناوی له‌ گه‌ڵ ئێراندا هاتبووه‌ ده‌رێ، وێڕای ئه‌زموونی شه‌ڕ، (**خو و ڕه‌وشت**)ی سه‌ران و (**جڕ و جامێش**)ی ژێر فه‌رمانی ئه‌و ڕژێمه‌ هێنده‌ (**پیس و پۆخڵ**)و دڕندانه‌ بوو، كه‌ ده‌ستیان له‌ هیچ نه‌ده‌پاراست و (**ڕك و كینه‌**)ی خۆیان به‌سه‌ر ئه‌و گه‌له‌ به‌دبه‌ختـه‌دا ده‌ڕشت، كوردی بێكه‌س و په‌رته‌وازه‌ش له‌ چوار لاوه‌ گه‌مارۆ درابوو، ئه‌گه‌رچی سه‌خییانه‌ قوربانی ئه‌دا، به‌ڵام ده‌ره‌تانی ئه‌و هه‌موو دوژمنه‌ سه‌رسه‌خت و (**گرژ و مۆن**)و كاسه‌لێسه‌ نه‌ده‌هات، وه‌لێ هێشتان ده‌سته‌وه‌ستان نه‌ده‌وه‌ستاو له‌ (**هه‌وڵ و ته‌قه‌للأ**) نه‌ده‌كه‌وت.

ڕاسته‌ (**كه‌م و كوڕی**) و (**گیر و گرفت**)ی زۆرمان له‌ ڕێدابوون، ئاواره‌یی، ده‌ربه‌ده‌ری، (**قات و قڕ**)ی، گرتن وكوشتن، (**ڕاو و ڕووت**)و ڕاگـوێزان....، به‌ڵام چونكه‌ داوامان (**هه‌ق و ڕه‌ق**) بوو، هه‌ر به‌ دوای (**ڕێ و شوێن**)ی ڕزگاری و، وه‌ده‌رنانی دوژمنان دابووین، ئا له‌و (**سه‌ین و به‌ین**)ه‌ دابوو كه‌ دوژمنی باوه‌كوشته‌ (**كت و پڕ**) تووشی(**ته‌نگ و چه‌ڵه‌مه‌**)یه‌كی سیاسی سه‌ربازی (**سه‌خت و دژوار**) هات، ئه‌ویش به‌ داگیركردنی وڵاتی كوێتی دراوسێی، بۆیه‌ به‌ر (**تیر و توانج**) و (**گله‌ و گازنده‌**)ی وڵاتانی زلهێز كه‌وت و دوای هۆشداری بۆ به‌جێهێشتنی كوێت، گه‌له‌ كۆمه‌كیان له‌ دژدا ڕاگه‌یاندو بڕیاری وه‌ده‌رنانیان جێ به‌جێ كرد.

هه‌ر له‌گه‌ڵ په‌لاماری هێزی نێوده‌وڵه‌تی و له‌ماوه‌ی چه‌ند كاتژمێرێكدا، ئه‌و هێزه‌ دڕو بێویژدانه‌، له‌ هێزێكی هێرش به‌ری داگیركاره‌وه‌ بوو به‌ هێزێكی ڕووخاوی (**شڕ و شۆڵ**)ی ئه‌وتۆ كه‌ هه‌ر زوو نیشانه‌كانی شكان و (**په‌رش و بڵاو**)ی و له‌ناوچوونی وه‌ده‌ركه‌وتن، وڵاتانی بڕیار به‌ده‌ست (**ده‌ست و برد**) كه‌وتنه‌ (**مشت ومڕ**) و(**گفت و گۆ**)، له‌ ناویاندا (**بیر و ڕا**)ی (**جۆرا و جۆر**) هه‌بوو، بۆ له‌ ناوبردن یان هێشتنه‌وه‌ی ئه‌و ڕژێمه‌، نه‌یارانیشی كه‌وتنه‌ (**پڕ و پاگه‌نده‌**)و كۆكردنه‌وه‌ی به‌ڵگه‌نامه‌و دیكۆمێنت سه‌باره‌ت به‌ چه‌كی كۆكوژو (**قه‌تل و عام**)ی خه‌ڵكی سڤیل.

لێره‌ش خه‌ڵكی حه‌سره‌تبار خرۆشا، پۆل پۆل و ده‌سته‌ ده‌سته‌ ڕژانه‌ (**كوچه‌ و كۆڵان**)و سه‌ر شه‌قامه‌كان و ده‌ستیان به‌ (**ته‌ق و تۆق**) كرد، چه‌خماخه‌ی ڕاپه‌ڕین له‌ ده‌روازه‌ی ڕانیه‌دا شریخاندی و بانگی ئازادی (**ئاسمان و ڕێسمان**) گوێی لێ بوو، ئه‌وان ڕۆژان ئۆردووی (**فش و فۆڵ**) و شه‌كه‌ت و (**ته‌فر و تونا**)و (**ته‌ڕا و به‌ڕا**)ی دوژمن كه‌وته‌ ده‌ستی خه‌ڵكی ڕاپه‌ڕیو، خه‌ڵكی به‌ ئینسافی كورد زۆر به‌ (**نه‌رم و نۆڵ**)ی له‌گه‌ڵیان جولانه‌وه‌و ڕه‌چاوی تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه‌یان له‌ هێزی كه‌ساسی خۆ به‌ده‌سته‌وه‌ده‌ر نه‌كرد، ئه‌گه‌رچی ئه‌و هێزه‌ له‌ مێژووی ڕه‌فتاره‌كانی خۆیدا هه‌میشه‌ به‌ (**شه‌ق و شوللاق**) كه‌وتبوه‌ گیانی خه‌ڵكی سڤیل و له‌گه‌ڵ پێشمه‌رگه‌دا ( **وه‌ك و یه‌ك**) حسێبی بۆ ده‌كردن.

ئه‌وان ڕۆژان پێشمه‌رگه‌ی لایه‌ن و گروپ و (**داو و ده‌زگا**)ی ڕێكخراو و ناڕێكخراو ڕژانه‌ ناو خه‌ڵكی ڕاپه‌ڕیوو سه‌ركردایه‌تی شه‌ڕه‌كانیان گرته‌ ده‌ست، له‌ هه‌موو شارو شارۆچكه‌و (**كون و كه‌له‌به‌ر**)ێكدا هه‌ڵمه‌تیان برد، سه‌ره‌نجام نیشتمان پاك كرایه‌وه‌و ئازاد كرا، دوای (**بێنه‌ و برده‌**)و (**پرس و ڕا**)ی هاوپه‌یمانانیش بڕیاریان دا بێ (**قه‌یدو شه‌رت**) ناوچه‌ی دژه‌فڕین بۆ پاراستنی گه‌لی كوردستان له‌ هه‌ر په‌لامارو ده‌ست درێژییه‌كی ڕژێم له‌ سه‌ر هێڵی پانی(36)دا دابندرێ....



# کورد و ئایندەبینی:

## کۆمەڵگای کوردستان لە نێوان نۆستالیژیا و.. ئایندەخوازی

***ئایندەبینی یان خەونی ئاینده و کۆشش بۆ بەدەست هێنانی ژیانێکی باشتر، یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی کاتێك ئەبێتە خەون و خولیا و بنەمای کارکردنی تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك. کۆمەڵگای ئایندەخواز، لەهەموو کایە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا پێش دەکەوێت، گەشەسەندنی ژیاری و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژی کۆمەڵگاکانی جیهان راستی ئەو گریمانەیەی سەرەوە دەسەلمێنن. هەر کۆمەڵگەیەك لەسەر یادەوەری و بەرهەمهێنانەوەی رابردوو بژێیت و هەوڵی بەدیهێنانی جیهانێکی باشتر نەدات لەوەی پێشوو، ئەو کۆمەڵگایە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا رووەو پوکانەوە دەچێت، بەمەش مرۆڤ لە هەر کات و قۆناغێکی ژیاندا بێت پێویستی بە هەوڵدان هەیە، بۆ ئەوەی ئێستا لەرابردوو باشتر بکات و داهاتوش لە ئێستا باشتر بکات، بەم هۆیەشەوە تاك لە کۆمەڵگەدا ئەتوانێت بە سەرجەم مافەکانی بگات.***

***لەم رووەوە لە رێی کۆمەڵێك کۆمەڵناس و شارەزایانی بواری کارکردن لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگا بەرچاو رونیمان لەسەر کۆمەڵێك پرسی تایبەت بە خەون و دنیابینی تاکی کورد بەرامبەر بەداهاتوو دەستدەکەوێت، وەڵامەکان شیکردنەوەو بۆچونی تایبەتن بۆ ئەم پرسە گرنگانە: تاکی کورد تا چەند بە تەنگ سبەیەوەیە؟ چەند ژیاندۆستە و چاو دەبڕێتە ئایندە؟ ئایا ئەزموون لە ڕابردوو وەردەگرێت؟.. چەند خۆی لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکان دەپارێزێت؟.. بۆ ئایندە کاردەکات یان بۆ ژیانێکی تەقلیدی؟***

***هونەرفەتاح***

لەلای رەمزیە عەبدولوەهاب کە توێژەری کۆمەڵایەتییەو چالاکە لە بواری کاری رێکخراوەیی:(تاکی کورد تا ڕادەیەك بەرامبەر داهاتووی خۆی رەشبینە، ئەمەش بۆ زۆر شت دەگەڕێتەوە، لەوانەیە ئەو گەندەڵییەی کە ئێستا لە زۆر لە دەزگا و دامەزراوەکاندا بوونی هەیە، یەکێك بێت لە هۆکارەکان، بەلاّم دەتوانم بڵێم پاش دانانی دەستوری هەمیشەیی عێراق و پەسەند کردنی فیدڕاڵی بۆ هەرێمی کوردستان، ئاسۆیەك بۆ تاکی کورد هاتۆتە پێشەوە، بۆ ئەوەی بەگوڕتر بڕوانێتە ئایندە و هەوڵی هێنانەدی خەونی جوان بدات. پێم وایە تاکی کورد توانیویەتی تاڕادەیەك ئەزمون لەڕابردوو وەربگرێت، بەلاّم ڕەنگە لە ئاستی پێویستدا نەبێت. ئەو بارودۆخەی ئێستا بۆ کوردستان رەخساوە وای کردوە، تاکی کورد بەهۆی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئێستا و رابردوو ئەزموون وەربگرێت، پێش ئەوەی هەر کارێك بکات بیربکاتەوە، خۆیشی بپارێزێت لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکان).

هەڵبەتە ژیان لە گۆڕانکاریدایە، ئەم گۆڕانەش زۆر لایەنی گرتۆتەوە، لەوانە بوونی چەندین رێکخراوی ناحکومی NGO، کە هەریەکەیان بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاردەکەن، ئەمەش مانای وایە تاکی کورد بۆ ئایندە کار دەکات و گۆڕان هەیە، وەلێ گۆڕانەکە سستە، بەلاّم چاوەڕێی ئایندەیەکی باش دەکرێت.

زەردەشت محەمەد حەسەنیش کە دەرچووی کۆلێژە، پێی وایە (هەر تاکێك بە چاوێکی روونەوە دەڕوانێتە ئایندەی خۆی و چاوەڕوانی دواڕۆژێکی روون دەکات، بەلاّم تا چەند کەش و هەوای بۆ رەخساوەو ئەو کەسە تا چەند ئومێد بەخشە؟ ئەوەدەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی، کە پێیدا تێپەڕدەبێت، هەموو ئەو گۆڕانکاریانە پەیوەستن بە کۆمەڵێك هۆکارەوە، کە رەنگە ئەو هۆکارانە دەرەکی بنو بە دەست تاکی کوردەوە نەبن، ئەگینا هەموو کوردێك ژیان دۆستەو کەس ئامادەگی ئەوەی نیە گۆڕان بەرەو باشتر قبوڵ نەکات. ئەو بارودۆخەی کورد پێیدا تێپەڕیووە دنیایەك لە تاڵی و بەشێك لە خۆشی تێدا بووە، قۆستنەوەی لایەنە پۆزەتیڤەکان و سود وەرگرتن لەو هەلاّنەی لەڕابردوو ڕوویان داوە، یان کارکردن بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەو هەلاّنە پەیوەستن بە هەموو لایەك .ڕەنگە لە زۆر حاڵەتیشدا هەڵەکان دووبارە ببنەوە، رەنگە هەڵەیەك بۆ مانەوەی دەسەلاّت و جێ پێ قایم کردن روو بدات و لایەنی جێبەجێکار پاساویشی بۆ بهێنێتەوە،



کرانەوەی پەنجەرە بەڕووی ئاوابوون کۆوار

بـێ ئـەوەی ئاکـام و ئەنجامـەکانی و قوربانیـەکانی ئـەو هەڵەیـە لەبەرچـاو بگیرێـت. جیهـان بـەردەوام لـە گۆڕاندایـە، ئینجـا ئـەو گۆڕانانـە چـەند بـە قـازانجی تـاکی کـورد تـەواو دەبێـت پێویـستە دەسـەڵات کـار بـۆ خوڵقانـدنی رەوشـێکی وابکـات، تـاکی کـورد بـەردەوام خـۆی دووبـارە نەکاتـەوە، بـەڵکو کـەش و هەوایەکی جوان بەرهـەمبێنێ و بەرنامـەی نوێ بخاتـە مەیدانـەوە بـۆ ئـەوەی تـاك لـە خۆ دوبارەکردنەوە دەربازی بێت، بۆیە من پـێم وایـە تـاکی کـورد پـشکێکی بچووکی هەیـە لـە وەڵام دانـەوەی ئـەو پرسـیارانە، بەقـەد ئـەوەی دەسـەڵات و بـارودۆخ وەڵام بۆ ئەو پرسیارانە دەدۆزنەوە .

لاولاو عەبدولعـەزیزیش وەك توێـژەرێکی کۆمەڵایـەتی دەڵێـت (هەریـەکێك لـە ئێمـە رۆژانـە پرۆگرامێکـی تایبـەتی خـۆی هەیـە پـەیڕەوی دەکـات بـۆ بـەڕێوەبردنی کـارو کردەوەکـانی، کەبەهۆیـەوە سـیفەتی بەردەوامی دەدات بە ژیان، مادام لە خەمی بەرنامە رێژی ژیانی ڕۆژانەی خۆمـان بین، دیارە بە تـەنگ سبەیەوەش دەچین. ئەمـە تایبـەت بـە خـودی کەسـەکە خـۆی، لـە هـەمان کاتیـشدا تـاکی کورد بـۆ دواڕۆژی کوردستان هەوڵی زۆریـداوە، بـەردەوام لـە هەوڵی بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر دابووە، لەسـەر بنـەمای ئـەوەی، کـە هـەر لەگـەڵ دەسپێکی مرۆڤایەتیدا ژیان خۆشەویست بووە، بۆیـە پانتاییەکـەی بەربڵاوتربووە و بەردەوامیـشە، مـرۆڤ کاتێـك دۆستایەتیەکی بـەهێز لەگـەڵ ژیاندۆستی دەکـات، کـە لەگـەڵ خـودی خـۆی دۆسـت بێـت و تەندروسـتی خـۆی لا گـرنگ بـێ و کارەکـەی خـۆی خۆشـبوێ و بەرژەوەنـدی خـۆی لا پەسـند بێـت، ئەمانـە لەسـیفەتەکانی تـاکی کـورددا رەنـگ دەدەنـەوە. مرۆڤـی کـورد هەمیشە هـەوڵی داوە پەنـد لـەڕابردوو وەرگرێـت و لەسـەر ئـەو بنەمایـەوە داهاتوویـەکی باشـتر دروسـت بکـات، چـونکە مـرۆڤ لـەو کـات و ساتانەدا وەهۆش خۆی دێتـەوە و بـەخۆی دا دەچـێتەوە، کـە هەڵـەکانی کـرداری ڕابـردووی وەکـو زەنگێـك بـە گوێـدا بزرنگێتـەوە، ئاوەهـا وەبـیری دێتـەوە یـان بەبیری دێننەوە، کە لە کام خاڵدا هەڵەیە و لە کام خاڵدا دروستە. لەم حاڵەتەدا ئەو کارانەی کە دروستن دەسازێ بەردەوام بـێ لەسـەری و لـەو خاڵانـەش کـە نـاڕەوا و هەڵـەن و زەرەمەنـدی بـۆ خـۆی و دەوروبەرەکـەی هەیـە، لەسـەر ئـەو بنەمایەشـەوە تـاکی کـورد هەمیشە هـەوڵ دەدات بـۆ ئاینـدە کـار بکـات، مـن لـەوە دڵنیـام هەرچـەندە زۆرجـار گـو ێبیـستی ئـەوە دەبـین لـەم و ئـەو، دەڵـێن ( نـانی ئەمڕۆم هەبێ، خوا گەورەیە بۆ سبەی ).

یـان ( کۆترێـك کـە ئـەمڕۆ هەتـە باشـترە لـە بازێك، کە بەڵێنیان پێ داویت بۆت بێنن) مـن دەڵـێم حـەقی خۆیانـە گـەر وا بڵـێن، چـونکە خـەڵك داخێکـی زۆری لـە دڵـە، داخەکـەش لاوازی بەرپرسـانێکی نەفامـە، کـە نـاتوانن بەسـەر نەفسیەتی خۆیانـدا زاڵ ببنـەوە، ئیتر کـە نـەزانێ بەیانی چی بەسەر خۆی و خێزانەکەی دێتـەوە، چـۆن خـۆی بـۆ داهـاتوو ئامـادە بکـات، ناچـارە ژیـانێکی تەقلیـدی و رۆتینـی بـژیێت، لـە پـاش دنیایـەك ئارامی و چاوەڕوانی دەرهـەق بەو ماف خـواردن و چـەپەڵییەی لەنێوانمانـدا بـڵاوە، کـە بەڵکو ئەمە خوایە بارودۆخ باشتر بێت. هـەر بـەو ئومێدەوە تا ئێرەمان هێنا، کەچی تاکی کورد بە دەسـت کۆمـەڵێك کێـشەو گرفتـەوە دەناڵێنێـت، چارەسـەر کردنەکـەی بەڵێنێکـەو پێمانیـان داوە، کەچی بێ ئەنجامە.

هـێمن سـاڵحیش، کـە چـالاکە لـەبواری ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵی مـەدەنی؟ وتـی (نـازانم



روانین بۆ سبەی.. خەونی لەمێژینە.. کۆوار



خەون بینین بە ئایندە.. کۆوار

مەبەست چییە لەم پرسیارە؟ لە رووی ئابووری یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی، یان تەندروستی، دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی گشتی تاکی کورد پلانی نییە بۆ ژیان، چاوەروانی گۆرانکاریەکان دەکات وەک چۆن چاوەروانی قەدەر دەکات، تاوەکو ژیانی خۆی لەگەڵ بگونجێنێت، لەگەڵ هەر گۆرانکاریەك، کە روودەدات لە هیچ لەم روانەی باس کران ئەزموونێکی دوورو درێژی نییە یەك فاکتەری زۆر گرنگ هەیە، کە تاکی کورد نییەتی پێش بینی کردنە بۆ ژیان. بەشێوەیەکی گشتی تاکی کورد بێ تاقەتە، ژیانی لەلا خۆشەویست نییە تا کار بۆ ئایندەی بکات، تەنها لەم ساڵانەی دوایی نەبێت، کە ئابووری وڵات تۆزێك بوژاوەتەوە، ئەویش تەنها لە رووی ماددییەوە دەیەوێت لە کەمترین کاتدا دەوڵەمەند بێت ، ئەمەش لەلای کاربەدەستان زیاتر رەنگ دەداتەوە، کە چۆن هەلی مەسئولیەت لە دەست نادەن بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن. سەرەرای ئەوە تاکی کورد عەقڵی لە دەست داوە، ئەزموون لە چی وەربگریت وەك دەڵێن خوا بە رێوەی دەبات. وەك گوتمان لەبەر ئەوەی پلان و پێش بینی نییە بۆ ئەو شتانەی کە روودەدەن، بۆیە ناتوانیت بیر بکاتەوە، ئەو کارەی دەیکات نازانێت راستە یان هەڵەیە، هیچ پێوەرێکی نییە بۆ راستی و دروستی، تاکی کورد حەز بە گۆرانکاری ناکات بۆیە داهێنانی نیە.)

لەلای دیار ئەبوبەکر محەمەدی توێژەری کۆمەڵایەتیش (ئەوەی لە تاکی کورد بەدی دەکریت نەبوونی بەرنامەیەکی باشە لە ژیانی رۆژانەیدا، ناتوانێت کاتەکانی بۆ خۆی دابەش بکات و سودیان لێ وەربگرێت. هەر تاکێك کە بەرنامەی نەبێت بۆ ژیان ناتوانێت بیر لە بەیانی بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر تاکێك لە ناو کۆمەڵگا هیواو ئاواتی تایبەتی خۆی هەیە، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە لە خۆش گوزەرانی دابژێیت و هیواو ئاواتەکان بهێنێتەدی، بەڵام رووبەرووی کۆمەڵێك کێشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، رۆشنبیری) دەبێتەوە، ناتوانێت بۆ سوود وەرگرتن یان ئەزموون وەرگرتن لە رابردوو چاوبپرێتە ئایندە. ئەمەش پەیوەندی بە خودی هۆشیاری و رۆشنبیریی کەسەکەوە هەیە، کە تا چەند دەتوانێت ئەزموون لە رابردوو وەربگرێت. هەروەك لە سەرەوە باسمان کرد، نەبوونی بەرنامە و هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگا وادەکات، تاك هەڵەکان دووبارەبکاتەوە هەستیان پێ نەکات و خۆی لێیان نەپارێزێت. سەبارەت بە کارکردنی تاکی کوردیش بۆ ئایندە و تێروانینی بۆ داهاتوو لەم بارەیەوە ناتوانین بڵێین بۆ ئایندەکار ناکات، بەڵام بە شێوەیەکی کەم، هەمیشە بە دوای ژیانێکی تەقلیدیدا دەگەرێت و ژیانی تەقلیدی کاریگەری زیاتری لەسەرە)

کاتێك پێویستمان بە رای دەروونناسانیش هەبوو، (شیرین سۆران)ی دەروونناسمان دواندو وتی (تاکی کورد تا رادەیەکی زۆر لە سەر بەرهەمهێنانەوەی رابردوودا دەژییت، هیچ پلان و بەرنامەیەکی بۆ داهاتوو نیە، چاوەرێش ناکرێت بەم زوانە بەرامبەر بە داهاتوو و ئێستای خۆی بەئاگابێتەوە، لەبەر ئەوەی لەسەر دووبارەکردنەوەی رابردوو دەژییت، ئەمەش کار دەکاتە سەر پلان و بەرنامەی داهاتووی، تاکی ئەم کۆمەڵگایە بە هیچ شێوەیەك ئەزموون لە رابردوو وەرناگرێت، بۆیە ئەکرێ بڵێین هیچ جۆرە بەرنامەیەکی نیە بۆ ئایندەی خۆی، هەمیشە لەسەر ژیانێکی تەقلیدی دەژییت و ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری دیاریکراو، هەندێك لەو حاڵەتانە کۆمەڵایەتین، واتە لەبەر دواکەوتوویی کۆمەڵگا و سیستەمەکانی، کە جۆرێك لە مرۆڤی ئیفلیج بەرهەمدەهێنێت، بەمەش ناتوانێت سوود لە داهاتوو و ئایندەی خۆی وەربگرێت، سەرەرای ئەوە لەبواری سیاسیدا کۆمەڵگای ئێمە زۆر دواکەوتووە و سیستەمی سیاسی لەو کۆمەڵگایە نەی توانیوە ئەو لایەنە گرنگە بێت، کە پێداویستی تاکەکان پربکاتەوە.)



## رۆژانی تۆرۆنتۆ

# دنیا له شارێکـــــدا..

نورەدین وەیسی



تۆرۆنتۆ.. شارێك پڕ له ڕەنگ          کۆوار

بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی تری کەنەدا (بەتایبەتی شاری کیبێك و ڤانکۆڤەر)، تۆرۆنتۆ شارێکی پاقژو جوان نییە، لێ بەڵی جوانی تۆرۆنتۆ لە هەمەڕەنگی و فرەنەژادییەکەیەتی، کە وەکو موگناتیز پەنابەران و کۆچکردووان لەسەرانسەر کەنەداوە پەلکێشی کن خۆی دەکا.

کەنەدا ساڵانە دوو سەدوپەنجا هەزار پەنابەر وەردەگرێت، کە بڕیارە ڕێژەکە زێدە بکرێ و ببێ بە 300 هەزار، نیوەی ئەو پەنابەرانە دێنە تۆرۆنتۆ، هۆی سەرەکی هاتنی ئەوان جیا لە هەبوونی دەرفەتی زیاتری کارکردن، هەستیش دەکەن لەوشارەدا لە وڵات و کۆمەڵگە و کولتووری خۆیانەوە نزیکن و ئەمەش کاریگەرییەکانی دوورکەوتنەوە لە وڵات و کۆمەڵگەی خۆیان، کەلە مانگە سەرەتاییەکانی گەیشتنیان زۆر بەهێزە، کەمتر دەبێت.

لە تۆرۆنتۆ بەبێ ئەوەی سواری فڕۆکە بی دەتوانی سەردانی وڵاتانی ئەوپەڕی دنیا بکەی، بۆنموونە ئەگەر دەتەوێ بچی بۆ چاینا و لەکولتوورو دابونەریتی ئەوانەوە رامێنی ئەوە بڕۆ بۆ شاری چاینا China Town کە کەوتۆتە رۆژئاوای جادەی کوین Queen St. وجادەی کولێج College St. وجادەی سپادراینا Spadania St. کە ئەمسەروئەوسەری بازاڕ ریستورانت و دوکان و ستۆری جۆراجۆری فرۆشتنی کەلوپەلی چاینییە، تەنانەت ناوی جادە و تابلۆی سەربانك و دامودەسگاکانیش بە چاینی نووسراون، هێژای گۆتنێیە چاینییەکان زۆر دەمێکە هاتوونەتە باکووری ئەمریکا و تەنانەت بەم دواییانە توێژەرێکی چاینی باسی ئەوەیکرد، کەچاینیەکان باکووری ئەمریکایان دۆزیوەتەوە، نەك کریستۆفەر کۆلۆمبس، ئەمڕۆ لەکەنەدا زمانی مەندەرین، کە زمانی رەسمی چاینایە خەریکە دەبێتە دووەمین زمانی نارەسمی کەنەدا، شاری ڤانکۆڤەریش پتر سیمایەکی دیاری چینی پێوەدیارە.

لە جادەی دانفۆرس Danforth St. یشدا کەئەو نێوچەیە بە شاری یۆنانییەکان Greek Town ناسراوە، ڕووبەڕووی دەیان بازاڕو رێستورانت و شوێنی هەمەجۆری یۆنانی دەبیەوەو ناوی جادەو کۆڵانەکانیش بە یۆنانی نووسراون، جادەی کۆلێجیش College St. ئیتاڵیای چووکەیە Little Italy و تەژییە لەباڕو رێستورانتی ئیتاڵی و پیزای بە تام وچێژ، لە جادەی جیراردیشەوە Gerrard St بەرەو کۆکسوێل Coxwell Ave ئەوە بۆنی بەهارات رۆژە رێیەك دەڕوا و گۆرانی وموزیکی هیندی ئەو ناوەی پڕکردووە، ئەوێ بازاڕی هیندی Indian Bazaar یان هیندستانی گچکە Little Indiaیە، لەپاڵ شوێن وبازاڕی هیندی بازاڕی کشمیری و باکستانیش هەن و ناکۆکی سیاسی نێوان هیندستان و پاکستان لەوێ پشتگوێ خراوە.

لە نزیك وێستگەی میترۆی Finch یشدا دەیان بازاڕو سوپەرمارکێت و رێستورانتی ئێرانی هەن و بە نێوچەی ئێرانییەکان بەنێوبانگە، ژمارەیەکی دیاری ئێرانیەکان لە تۆرۆنتۆدا دەژین وچەندین رۆژنامەو بڵاوکراوەشیان هەیە، کە دیارترینیان هەفتەنامەی شەهروەند ((شهروند))ە، کە هەفتەی دووجاران دەردەچێت.

ئەگەر حەزیشت لە نێرگەلە کێشان، یان دیتنی سەمای رۆژهەلاتی و رەقسی شەرقییە، ئەوە بڕۆ بۆ رۆژهەڵاتی جادەی لۆرانس Lawrence East لە نێوچەی سکاربۆرۆ Scarborough. یان نێوچەی میسیساگا Mississauga کەچەندین رێستورانت و بازاڕگەو قاوەخانەی عەرەبی وڵاتە جۆراوجۆرە عەرەبییەکانی لێیە.

ئـــــاداری
2006




## بازاڕی تۆرۆنتۆ ، بازاڕی ریکلام

کۆوار

ئەوجا بابێینە سەر کوردە نەگبەتیەکە، تا ئێستا بەوردی ژمارەی کورد لە کەنەدا نازانرێت، چونکە کوردەکان بە ئێرانی و عێراقی و تورکی و سوری ناسراون، بەڵام بە قسەی ئەملاوئەولا ژمارەی کورد لەکەنەدا نزیکە لە سی هەزار کەس 30000 و لەسەرانسەری کەنەدا پەرش و بڵاو بوونەتەوە، لەتۆرۆنتۆشدا دەڵێن لەنێوان 5-8 هەزار دەبن، بێگومان ئەم ژمارەیەش بەبەراورد لەگەڵ شارێکی شەش ملیۆنیدا هیچ نییە، هەربۆیەش کورد لەنێو ئەو خەڵکە جۆراوجۆرەی تۆرۆنتۆدا شوێنێکی دیاری نییە.

ئەگەرچی لەدەرەوە دەرفەتی تێکەڵاوبوونی کوردانی چوار پارچەی کوردستان زۆر لەبارە، وەلێ بەداخەوە بەهۆی ناکۆکی و کێبەرکێی حیزبەکان هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نییە، رەنگە تێنەگەیشتن لە شێوەزاری یەکدیش هۆکاری لێك دوورکەوتنەوە بێ، بۆ نموونە کوردی رۆژهەڵات ئەگەر پەیوەندیان هەبێ ئەوە دەگەڵ کوردی باشوورە، هەروەك پەیوەندی کوردی باکووریش پتر لەگەڵ کوردی رۆژئاوایە.

چەند کۆمەڵە و رێکخراوێکی کوردی لە تۆرۆنتۆ هەن وەك ماڵی کورد و کۆمەڵەی کوردی و پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید، وەلێ هەموویان بەپەرش و بڵاوی و بەبێ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یەکدی کار دەکەن، هەربۆیەش جموجۆڵ وچالاکی کوردی زۆر سنوردار و بچووکن، بۆنموونە دوو هەفتە لەمەوبەر خۆنیشاندانێك بۆ پشتگیریکردن لەئازادکردنی ئۆجەلان رێکخرا، کە تەنها دەوروبەری سەد کەسێك بەشداربوون و زۆربەیان کوردی باکوور بوون، کە ئەمە رەنگە لە زۆربەی خۆنیشاندانەکانی تۆرۆنتۆ گەورەتربووبێ!، چونکە ساڵی رابردووش بۆ پشتیوانیکردن لە راپەرینی مەهاباد و رۆژهەڵاتی کوردستان رێپیوانێك سازکرا، کەهەر پەنجا کەسێك دەبوون و ژمارەیەکیان لەدەرەوەی تۆرۆنتۆشەوە هاتبوون.

کوردەکانی باکووری ئەمریکا وەك ئەوانەی ئەورووپا هەر عەوداڵی ئاهەنگ و شایی و هەڵپەڕکێن و لە زۆربەی ئاهەنگەکاندا نزیك لە هەزار کەسێك کۆ دەبنەوەو هەڵدەپەڕن، کەچی بۆ خۆنیشاندان وچالاکی تر لەبەزرترین ئاستدا لە سەد کەس تێناپەڕێت و زۆربەیان تاقەتیان لە سیاسەت چووە و مەگەر تاك و تەرا، دەنا کوردستانیان هەر لە خەیاڵدا نییە.

بەلای منەوە ژیان لە شارێکی هەمەڕەنگ و فرەنەژادی وەکو تۆرۆنتۆدا، ئەگەر هیچت فێرنەکات، ئەوە وات لێدەکات رێز لە جیاوازی و هەمەڕەنگی بگری و لێبوردەو دڵ گەورە بی....

nuradinwaisi@hotmail.com

# سەفەر بەسەر زەمینی فەرهەنگی جیادا

عەبدولواحید گوانی

ویستگەی دووەم

## فڕین لە ئاسمانەوە

دوای 15 رۆژی ئەنکـــەرە لـــە چـــاوەڕوانی وەرگرتنی ڤیزادا، کە ئێستا بۆ پەساپۆرتی عێراقی وای لـێ هاتووە دەبێ ڕەزامەندی 6 دەوڵـەتی ئەندام لـە بـازاری ئـەوروپی هاوبـەش وەربگیرێـت، ئەگـەر بتـەوێ سـەفەری وولاتێکـی ئـەوروپی بکـەیت، ئـەم کارەش لە 15 رۆژ تا 3 مانگی گەرەکە. بەڵام بۆ من رێکخراوی (Liliana Foundation) بـە ئیمێـل و تەلەفۆن هەمیشە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندی و بالیۆزخانەی هۆلەندا لە ئەنکەرە لە مشتومردابوون ئەنجام رۆژی شازدەیەم ڤیزام وەرگرت.

کۆڤان لە نووسینگەی (p.d.k) لە ئەنکەرە تـەرتیباتی سەفەری بۆ کـردم لـە 2005/12/1 لـە ئەنکـەرە بـەرەو ئەمستردامی پایتـەختی هۆڵەنـدا هەڵکشام. شـتێك بۆمن زۆر سەیر بوو لـە ئاسمانـەوە ئەوە بـوو، کـە من هەر لەمنداڵیمەوە مەسـەلەی هـەور و باران و بروسکە و هـەورە تریـشقە و بـەفرم والێـك دەدایـەوە، کـە مەسەلەکە لە حەوت تەبەقەی ئاسمانـەوە لـە دەرەوەی بینین و تێگەیشتنی مرۆڤەکانەوەیە و لـەوێش جلەو لە دەست یەکێك لە فریشتەکانە بەناوی (ئیسرافیل)، بـەڵام فرۆکـە تورکیەکـە بـەرزی کردمـەوە، مەسـەلەکە لای مـن لـە گەورەییـەکی زۆرەوە بـچووك بـووەوە، چـونکە چـوومە پـشتەوەی هـەورەکان و لەسـەرەوە سـەیری هـەور و بـارانم دەکـرد لـە خـوارەوەی خـۆم. پێشتر لە قوتابخانـەم خوێنـدبوو، کـە هـەڵم لـە عـەرد و دەریاکـان بەرزدەبێتـەوە و دەبێتـە هـەور، هـەوریش بایـەکی سـارد دەیجـوڵێنـێ و شـێدارییەکەی نـاو هـەورەکان بـە هـۆی سـاردیەکەی گردەکاتـەوە و قەبارەیەکی پتەو دروست دەبێـت و بەهـۆی قورسایی یەکـەی و جوولـەی با دەکەونـە خـوارەوە، جا ئەگـەر بایەکـە سـارد بـوو دەبێتـە بـاران، ئەگـەر زۆر ساردبوو دەبێتـە تـەرزە ئەگـەر زۆر زۆر سـارد بـوو دەیکاتـە بـەفر، کـە ئـەم کـردارەش هـەر لـە چوارچـێوەی رێکخـستنی خواوەندەوەیـە. مـن بـۆ خـۆم مەسـەلەکان بـە هەسـتیاریەوە وەردەگـرم و هەمیـشە دەمـەوێ دیاردەکـان بخوێنمـەوە، بۆیـە لـە ئاسمانـەوە مـرۆڤ کـە لـە زەوی دەڕوانـێ کاریگـەری زۆر لـە ئینتمـا نەتـەوەیی و تایفەگـەری و ناوچەگەری و حزب گـەرایی دەکات وە ئینتمـا مرۆڤایەتیەکـەی بـە هێـز دەبێت، چونکە کە لەسەرەوە سەیری دیاردەکـان دەکـەیت. شـار و شـاخ و دەریـا و کۆشـك و تـەلار و بازگـە و سەربازگە و سنورەکانی ئەو هەیبەت و عەزەمەتـەیان نـامێنێ. بـۆ نموونـە بـە بـەردەم کۆشکی کۆماری تورکیا یـان کۆشکی پاشایەتی ئینگلتـەردا ڕەت دەبی هەموو پارچەکانی لەشت دەبنـە تـەزووی کارەبـایی و سـاف دەتگـرێ، بـەڵام کـە لەسـەرەوە سـەیردەکەی گاڵتـەت پێدێ، چونکە لە ئاسمانـەوە زەوی وەکو یـەك وڵات دێتـە بەرچـاو، خـۆ گـەورەیی خواوەنـدیش هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر لە خوار هـەڵگورد لـە بـەژن و باڵای هـەڵگورد بنواری شاخێکی سـەخت و گـەورە و گرانت دێتە بەرچاو، بەڵام لـە ئاسمانـەوە لـە هـەڵگورد بنوارە وەك تەپۆلکەیەکە هەر هێندەی کابرایەکی سـەر بە شـەدە، دیسان هـەر لـە ئاسمانـەوە کە لـە خوارەوە دەڕوانی سـەیرت بـەم دیمەنـە دێ، ئەوە ئـەو خەڵکانـە خەریکی چنە فڵان زەویـەکی جووت کـردوە، ئـەوێهێ کۆشـکێکی قیـت کردۆتـەوە، خـەڵکی مـشاوشن بـە ملیۆنـان ئۆتۆمۆبێـل و پایـسکل و قیتـار و کـەر و بـار لێك تێدەپەڕن، ئەنجامیش دەبێ ئەو تەرتیباتە هـەموو برمێ و بێتـەوە خۆڵ، یـەعنی زەمین و سەرنشینەکان بە مرۆڤ و ئاژەل و ئامێر و کۆشك و تـەلار و کارگـە و جـادە و دارسـتان و تۆرەکـانی کارەبـا.. هتـد، ئـەو گەورەییەی نـامێنێ. ئـەوەی کـەمێك ساف و هەیبـەتی بمێنێ دەریا و شەپۆلەکانن.

لـە ئەنکـەرە تـا گـەیشتینە ئەمستردام سـێ سـەعات و نیو فرۆکـە وڵات بە وڵات و زەوی بـە زەوی و شـاخ بـە شاخ و دەولەت بە دەولەتم بڕی، ئەوەی لـە ئاسمانـەوە رۆژهـەلاتی ناوەراسـت لـە ئـەوروپا جیادەکاتـەوە. سیـستەمی شـار و رونـاکی یـە، لـەلای ئێمـە شـار و گونـدی چـڕ و بازنـەیی تێکـەڵ و لەناویـەك گلـۆپی کارەبایی کز و زەعیفۆکە، بەڵام هیـوان شـار و گونـدی پان و بـەرین و بـەربلاو و زنجیرەیـی و پارچـەی گـەورە گـەورەی رونـاکی زەرد وەك زەردێنـەی هێلکـەت دێتـە بەرچاو، بەسـەر هـەر وڵاتێکـا ڕەت دەبی لـە خـوارەوە شار و پێدەشتەکانیان دەبینی لـەناو فرۆکـەش شاشـە و نـاو زانیـاری وڵات بـە وڵاتـت پیـشان دەدات، کـە لـە فرۆکەخانـەی ئەمـستردام دابـەزین تـۆ حیـساب بکـە لەناو شاری سۆران دابەزی، چونکە تـەنها فرۆکەخانـە ئەگەر لە سۆران گەورەتر نەبێ بچووکتر نییە.

(عـەلی) پیـاوە رەشـتالەکەی لێـرە بـە عـەلی هۆڵەنـدی ناسـراوە بـە ئۆتۆمۆبێلەکەیـەوە لـە پێـشوازیم دابـوو لەگەڵ ئەوەی خۆشم گومانم لە عـەلی و جموجۆڵـەکانی هەبوو، بـەڵام لـەوێ بـۆم دەرکـەوت کابرایـەکی سـادە و ساکارە شـتی دیکـەی لـە پـشتەوە نییـە، زۆر خزمـەتی کـردم زۆربـەی رۆژەکـان لەگـەڵم بـوو، چـونکە ژنـە هۆڵەندییەکەی لێ زویر بووە بە تـەنها لـە خانوویـەکی کـۆن و بـێ سـەر و بـەردا دەژی، لـە هێـرلیم بـاش و خـراپ کـابرا خزمـەتێکی باشـی کـردوە و پارەیـەکی باشی هێناوەتە هەرێم جێگای رێزە.

## سێ رۆژ لە ئەمستردام

لەوێ ئێوارەی هـەینی دەسـت لـەکار هەڵدەگرن، شـەو خۆیـان بـۆ رۆژی شـەممە ئامادەدەکـەن، شـەممە کـە یەکـەم رۆژی پـشووی هەفتەیـە تـەرخان دەکـەن بـۆ سـەردان وگـەران و بـازار و گاڵتـە و گـەپ و یـاری و رابـواردن و سەرخۆشـی و خـۆ لەبیربردنـەوە، چـونکە هەفتەیـەك کاریـان کـردووە و ماندوبونـە، رۆژی یەکشەممە کـە دووەم رۆژی پـشووی هەفتەیـە نـەریت وایـە هـەر کـەس لـە مـالی خۆیـەتی، خـۆ شووشـتن و نووسـتن و خواردنـەوە و خوێنـدن و حەسانەوە، ئـەو بازاڕە گەورانە دەبینی (چۆڵ و هۆڵ)ە رێژەی دوکان کردنەوە (1٪)ە رێژەی هاتنـە دەرەوە لـە مـاڵ (5٪)یە،




ستاتیۆنی شاری دەمبوش... بە کامێرای نووسەر

ئەو رۆژە خۆیان دەحەسێننەوە وە خۆیان ئامادەدەکەن بۆ چوونە سەر کار، کە چوونە سەرکار ئیدی کار کارە هەموو مێشك و جەستە و کاتیان بۆ کار تەرخان دەکەن، مەواعید تەرتیب کراون. کاری باشیان ئەوەیە کە لە مەوعید دوانەکەون و کاریش بە فشقیات هەڵناگرن، کاتیش بە فشە بەسەر نابەن، کە کاردەکەن حەز لە جموجۆلیان دەکەی دڵسۆزی و پاکی و کارامەیی و چاپوکییان پێوە دیارە. لەسەر کاری خۆیان رەزاقورس و بێزار و بێزەلەت و سەختەچی و تەوەزەل نین. بەهۆی کەش و هەوای نالەباری ئەوروپا، کە دەگمەن رۆژ دەردەچێ هەمیشە هەور و باران و تەم و مژاویە، خەلکەکەیان رەنگ پووت و سپیلکۆکە، بە جەستە رێکن، لەدەروون ماندوو بێزارن.

## ساتێك لە بەردەم كۆشكی پاشایەتی دا

لە ناوەندی بازاری ئەمستردامی پایتەخت کۆشکی شاژنی پاشای ئەو ولاتە هەیە، لەبەردەم دەرگای پاشایەتی گۆرەپانێکی (خلیسکان لەسەر سەهۆڵ) دروست کراوە، کور و کچانی ئەم شارە یاری خلیسکانی لەسەر دەکەن، بێ ئەوەی دەمانچەکەك یان ئارپیچیەك ببینی دیمەنێکە لە لوتکەی خۆشی و خۆشەویستیدا، ئەمستردام شارێکی گەورەیە و پایتەختی ئەو ولاتەیە، بەلام پایتەختی کارگێری نییە، بەڵکو شاری دەنهاخ (لاهای) پایتەختی کارگێری و چالاکی حکومی ئەو ولاتەیە، ئەمستردام لەناو ئاوە. پارچەیەك شار و پارچەیەك ئاوە، سیستەمێکی شارەوانی رێك و پێکە، بەلام ئەو شارە بەوە ناسراوە کە شاری بیانیانی بەرەڵلایە، وا دەگوترێت کە روتە و رەجاڵ و دز و ساختەچی‌یەکان زۆربەی زۆریان روو لەم شارە دەکەن. فعلەن کە هەلوەستەیەك لەناو شارەکە دەکەی جۆرەها دەم و چاوی جۆراوجۆرت بەبەردەمدا رەتدەبێ، بە تایبەتی رەشەکانی ئەفریقی و ولاتە کەم دەرامەتەکان. بۆیە ئەمستردام بە شارێکی ئاڵۆز لە قەڵەم دەدرێت.




مەڵبەندی سەرەکی لیلیانا فاوەندەیشن...

## بازارێك بۆ لەش فرۆشی و بازارێكی گەورەش بۆ قومار

بۆ منی گەریدە دەرفەتێکی باشە، کە لەو ولاتەدا تا بۆم بکرێ بەسەر هیچ دیاردەیەك بازنەدەم، هەمووشتێك ببینم و خوێندنەوەی لەسەر بکەم و لەگەڵ دیاردەکانی کۆمەڵگای خۆم بەراوردی بکەم، بۆ ئەوەی بزانم لە کوێی ئەوان پێشڤەچوون و لە کوێ ئێمە لەوان باشترین.

لە ناوەندی شاری ئەمستردام بازارێکی گەورەی تایبەت بە لەش فرۆشتنم بینی، ئەم بازارە کە بە (شاری رابواردنی سێکسی) ناوزەدی دەکەم، بازاڕ لە گەرەکێکی گەورەی زیاتر لە 30 شەقام پێکهاتووە، لە بنەڕەتەوە بۆ ئەم کارە دروستکراوە، بریتی یە لە کازینۆ و دانس و بازاڕی فیلمەکانی سێکسی و نزیکەی 1200 ژووری لەش فرۆشی، کە سەدان ئافرەتی رەگەزی جیاواز و رەنگی جیاواز و تەمەنی جیاوازی تێدایە، کە تەنها بەبەردەرگایاندا رەت دەبووم، ئەوەی بینیم دیوی دەرەوەی دیاردەکە بوو، کە بریتی بوو لە ژورێکی شوشەیی، ئافرەتێك یان دووان خۆیان رازاندۆتەوە و وەستاون، هەر کەس بەوێ دا بڕوات بانگی دەکەن و سەمای بۆ دەکەن بۆ ئەوەی سەرنجی رابکێشن، ئەوەی حەز بکات لەگەڵیان جووت بێ مەعامەلەی پارەی لەگەڵدادەکەن ئەگەر گەیشتنە نرخێکی هاوبەش ئەوا کابرا ملی شۆڕدەکا و ئیدی بە دۆڵێ دا. ئەوەی من کارم پێی بوو لایەنە خۆشگوزەرانیەکەی نەبوو، بەڵکو لایەنی دراسەکردنەکەی بوو، بەرای من لە رووی کۆمەلایەتی یەوە ئیلتیزاماتی دینی لێدەرچێ حکومەت کارێکی باشی کردووە، لە جیاتی خەڵکی بە قاچاغی لە بن دیوار و ناو پەرژین و سەربانی هاوینانەی شەوە فێنکەکانی لە پێناو جووت بونێك گەورەترین کێشەی کۆمەلایەتی و خێزان بنێتەوە کە ئەنجامەکەی شەڕ و کوشتن و ریسوا و سوکایەتی پێکردنە، لەوێ حکوومەت شوێنی تایبەتی داناوە و بەیاسا رێکی خستوە، هێزی داناوە بۆ پاراستنی، پزیشکی داناوە بۆ پاراستنی لایەنە تەندروستییەکەی، بەلام لە رووی خۆشی و زەوقی سێکسی یەوە پێم وایە شتێکی پوچ و بێ تام و بێ مانایە. چونکە تەنها کردارێکی جەستەیی یە و هیچ پەیوەندی بە سۆز و عەشق و خۆشەویستی یەوە نییە، بێجگە لەوەش تۆ باش دەزانی لەگەڵ ئافرەتێك جووت دەبی ، کە پێش تۆ سۆزانیەکان دەیان و سەدان کەسیان سەرف کردووە، سێیەم شتیش کە بە معامەلە و پارەیە ولحاسل فشەیە.

بازاڕی دووەم بازاڕی قوماربوو کە باڵی لای راستی ئەمستردام باڵەخانەیەکی زەبەلاحی چوار نهۆمی بە گەراجی ئۆتۆمۆبێل و چێشتخانە و چایخانە و شانۆی گۆرانی و مۆسیقاوە، بازاڕێکی گەورەی قوماری تێدایە، کە لە دوو شێوە قوماری سەرەکی پێك دەهات، بێجگە لە هەندێ گەمەی تری بچووك، گەمە گەورەکان یەکێکیان بە کۆمپیوتەر خۆت بە تەنها لەگەڵ شاشەی بەرامبەرت یاری دەکەی دەبەیەوە و دەدۆڕێنی، گەمەی سەرەکی دووەم، دۆمبەڵەیە (2 تا 8) کەس شتێك لە جیاتی پارە دەخەنە سەر خانەکانی بازنەیەکی خڕەوە، کابرا فڕفڕۆکەکە دەسوڕێنێ لەسەر هەر کەس وەستا دەیباتەوە و هەریەك لە گەمەکەران حسابی بەنکی خۆی هەیە، یەکسەر پارەی بردراوە دەچێتە سەر حسابەکەی لە رێگای سیستەمێکی کۆمپیوتەریەوە، تەبعەن ژن و پیاو تێکەڵاون، زەلام هەیە 3 رۆژ خۆی لەبیردەکات لە بۆتەی ئەم بازنەیە دەتوێتەوە، مرۆڤ بێ کەڵك و تەمبەڵ و فسۆس دەبێ، یاری کەرەکان هکو سەرخۆش یان نووستوان بوون لەگەڵ فڕفڕۆکە دەسوران و نەیان دەزانی لە دەرەوە چ باسە و چ هەرایە، دەیان گوت کوردەکان زۆر لەم رێگایە رەزیل و ریسوا دەبن، چونکە گیرفانەکەیان دەبەنە سەر مێزەخرەکە وردە ووردە دەباتەوە و دەدۆڕێنێ، دەباتەوە و دەدۆڕێنێ، ئەنجام مایە پووچ دەمێنێتەوە دەبێ دەرۆزە یان دزی یان راوەروت بکات، قومار شتێکی سەیرە، بگرە و بکێشەیەکی زۆر دەکەن هەیە دەبێتە ملیۆنێر و پاشان شۆڕ دەکاتەوە بنی گۆمێ، ئەنجام هەموویان دۆراون، نازانم ئەو پارەیە بۆ کوێ دەروات.

## بەرەو دەمبوش _ مەڵبەندی چالاکی (Liliana Foundation)

ئامانجی سەرەکی سەردانی من (دەمبوش)ە، لەوێ مەڵبەندی سەرەکی رێکخراوی نێودەولەتی ( Liliana Foundation)هەیە. کە بانگهێشتی رەسمی ئەوان منی گەیاندە (ولاتی گوڵ). لە ستاتیۆنی ئەمستردام هاوڕێم (عەلی) رێنمایی کردم، چۆن سواری شەمەندەفەر دەبم و چۆن و لە کوێ دێمە خوار. شەمەندەفەر ئامێری سەرەکی هۆیەکانی

گواستنەوەیە لەو ولاٌتە. بەرای من گرنگترین دیاردە کە لەو ولاٌتە بینیم (شەمەندەفەر)بوو، چونکە تۆڕی شەمەندەفەری نیشتمانی بە هەموو گوند و شار و شارۆچکە و گەرەکە سەرەکیەکان بەستراوەتەوە، بەبیٌ ئەوەی کەسێك پێیەوە مەشغول بێت، تۆ کە پارە دەدەی مامەڵە لەگەڵ ئامێر دەکەی کە لەبڕی پارە بلیتێکت دەداتیٌ، هەر ئامێرە پێت دەڵیٌ ژمارەت چەندە و چەند سەعات و چەند کیلۆمەتر رێگاتە، ئامێر پێت دەڵیٌ ئەوە شەمەندەفەرەکەت هات و ئەوە رادەوەستیٌ هەر ئامێرە، کە سوار دەبی هەر ئامێرە، کە دەروات هەر ئامێرە دەرگادەکاتەوە، پێت دەڵیٌ گەیشتمە شوێنی مەبەست، هەر ئامێرە، شوفێر هەر ئامێرە، تەنها جار جار لە رێگای پۆلیس دێنە پشکنینی بلیتەکان، بۆ ئەوەی بزانن کیٌ بە بیٌ پارە سوار بووە و غەرامەی شەش بەرامبەری دەکەن، ناسنامەکەی وەردەگرن و پسولەی سزا دەچێتە ماڵی.

(عەلی و هونەر) دوو برای ئێسك سووك و دەم بە پێکەنین و راست گۆ و خۆش خزمەتی رواندزین، خۆشبەختانە ئەوان لە شاری دەمبوشن، کە مەڵبەندی سەرەکی رێکخراوی میوانکاری منە. هونەر لە ستاتیۆنی دەمبوش چاوەروانی دەکردم، پاشان چووینە گوندێك کە شوێنی دیاریکراوی حەوانەوەمە لەو سەفەرە، کە خانووی (لینی)بوو، ئەو ئافرەتەی پێشتر لەگەڵ وەفدی (Liliana Foundation) هاتنە کوردستان و خزمەتی چاکمان کردبوون.

لەبەرامبەردا لینی زیاد لە پێویست ئەرکی کێشا و کلیلی خانووی ماڵەکەی خستە ناو دەستم، ئەو ماڵەی هەموو شتێکی تێدابوو. لینی ئافرەتی وەفادار و پسپۆر لە بواری کاری مرۆیی و رێکخراوەیی ئەندامی کارای رێکخراوەکەیە. لە یەکەم کۆبونەوەدا پرۆگرامی سەفەرەکەی بۆ دارشتم و هەموو جۆرە رێنمایەکی کردم حەزی دەکرد لەو سەفەرەم سەرکەوتووبم، بە راستی زۆر میهرەبان بوو رێگای راستی نیشاندام فعلەن رێگایەکەش راست و رەوان دەرچوو.

## یەکەم کۆبوونەوەی رەسمی لەگەڵ (Liliana Foundation)

رۆژی 2005/12/6 لە بارەگای سەرەکی رێکخراوی (Liliana Foundation) کە تایبەتە بە چارەسەرکردن و فێرکردن و راهێنانەوەی منداڵانی سەقەت و کەم ئەندام و دواکەوتووی عەقلی، لە 80 ولاٌتی دونیا کاردەکات، لەرێگای 25 رێکخراوی ناوچەیی هاوکاری پێشکەشی منداڵان دەکات. لە رۆژهەلاٌتی ناوەراست کارناکەن، چونکە بە ناوچەیەکی دەوڵەمەندی دەزانن. لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەراست تەنها چالاکی لە هەرێمی کوردستان هەیە و لەوێش تەنها لە سۆرانە لە رێگای کۆمەڵەی سۆران بۆ چاودێری پەك کەوتووەکان. لە راستیدا باڵەخانەی ئەو رێکخراوە لای من وەك یەکێك لە پیرۆزیەکان جێی گرتبوو، چونکە پێم وایە لەرێگای ئەو باڵەخانەیە دەتوانم لەگەڵ هاوکارانم لە کوردستان زیاتر لە 570 منداڵی دەڤەری سۆران لە خراپترین ژیانی مەرگەسات ئامێز رزگار بکەم.

(فلوری) ئەو کچە فلیپینی یە رەزا سوکە قشتۆکە. بەرپرسی بەشی ئاسیای رێکخراوەکەیە، ئەو لە پێشوازیی دابوو عەلی رواندزی و سامی فەقیٌ و هاوکارەکەی کە پەیامنێری سەتەلایتی کوردستانە لەگەڵم بوون.




## مەڵبەندی (Mytyl schole) لە شاری تلبرخ

خۆ منیش بە هێری نەچووبووم، جانتاکەم پڕ بوو لە پڕۆپۆزەڵ و پڕۆژە و روونکرنەوە بە جوانترین شێوازی وێنەدار، جەنتاکەی دیکەم پڕی بوو لە لەتکە هەنجیر و گوێز و سجوق و لوقمەی بە فستق و قەزوان و هەنگوین و گەزۆ و گەنگرۆشك و تابڵۆی مافووری و جلٌ و بەرگی کوردی کە بەدیاری بۆم بردبوون.

(کیسی) بەڕێوەبەری گشتی لە یەکەم کۆبونەوە بارودۆخەکەی زۆر توند کرد گوتی لەلایەك ئێوە ولاتێکی نەوتیە و سەدامیش نەماوە، لە لایەکی دیکە ئێمە نازانین ئەو پارەی بۆمان ناردوون چۆنتان خەرجکردوە و کیٌ چاودێری دارایی تان دەکات، چیتان کردوە و پلاٌنتان چی یە و ئەنجامی کاری رابردووتان چی بووە، دەبیٌ راپۆرتی دارایی بخەیتە سەر ئەم مێزە، منیش دووو دلٌ نەبووم ناوی خوام لێهێناو رونکردنەویەکم بۆ کرد و قەردارم کردەوە، هەمان رۆژ چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی ئەنجام درا، پاشان دیاریەکانمان پێشکەش کردن کە بۆ ئەوان وەرگتنی دیاری خۆشترین ساتی ژیانە. بەڕێوەبەری گشتی لەو جیٌ قاتی کوردی لەبەر کرد و سەرجەم فەرمانبەر و کارمەندان لیٌ کوبوونەوە بە پێکەنینەوە ئیدی روونکردنەوە و دیاریەکان چانسی منالاٌنی لای خۆمانی گێرایەوە، دوای نان خواردن (فلوری خان) محازەرەیەکی پێدام لەسەر چۆنیەتی رێکخستنی فۆرم و راپۆرت و پلان. لەویٌ چووینە شاری هیل فرسوم، لەگەڵ رێکخراوی (Willd Canzen)کۆبوینەوە. کە رێکخراوێکی گەورەیە و دوو مەرجی سەختی هەبوو بۆ هاوکاریکردن، مەرجێکیان بوونی لقێکی کۆمەڵەیە لە هۆڵەندا، مەرجی دووەم دەبیٌ لقەکەی کۆمەڵە لە هۆڵەندا هاوکاری لە ئاهەنگ و بۆنە و یادەکان کۆبکاتەوە، ئەوجا چەند پارە کۆ دەکرێتەوە ئەوان، 3 بەرابەری دەخەنە سەر.

## کۆبونەوەی دووەم لەگەڵ (Liliana Foundation)

2005/12/7 سەعاتی 9ی بەیانی لە بارەگای (Liliana Foundation) فلۆری بەرپرسی ئاسیا، محازەرەیەکی دیکەی پێدام لەسەر کارکردن و پلان و راپۆرت و راپۆرتی دارایی.. هتد.

سەعات 3 لەگەڵ بەرێوەبەری گشتی (کیس) کۆبووینەوە، بەلاٌم بارودۆخ گۆرابوو کیس ئەو توندیەی نەمابوو. دیاربوو لە کۆبوونەوەی پێشتر بە توندکردن دەی ویست خوێندنەوەی دەروونی لەسەر من بکات تاکو بزانیٌ من چەند لە مەسەلەی دارایی دەترسم و تێك دەچم، لەم کۆبونەوەیەدا بڕیاریاندا بۆ ماوەی 5 ساڵی دیکە هاوکاری بۆ کوردستان دابین بکەن کە بۆ دواین مانگی 2005 بڕی 5000 پێنج هەزار یۆرۆیان تەرخانکرد وە تا پێنج ساڵ هەر شەش مانگ جارێك 10000 دە هەزار یۆرۆ، رەزامەندیان نیشاندا لەسەر پڕۆژەی (سلفەی قەرز بۆ پەك کەوتووەکان) و (پڕۆژەی تیمی گەڕۆك بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا) و (پڕۆژەی سەنتەری کۆمپیوتەر و درومان و سەنتەری کەرولالان و زمان).

هەروەها رەزامەندیان نیشاندا کە 3 کەس لە ستافی کۆمەڵە بنێرنە بەنگلادیش بۆ خولێکی درێژخایەنی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی و چارەسەری سروشتی و راهێنانەوەی منالاٌن. ئەم ئێوارەیە دەعوەتی فلۆری بووین کە لەگەڵ ئافرەتێکی تەمەن 70 ساڵ لە خانوویەێکی 20 ژووری دا دەژین، ژووری تایبەت بە (خواردن، چا خواردنەوە، خواردنەوە، مۆسیقا، نووسین، وەرزش، میوان، دروین، هەڵگرتنی میوە، هەڵگرتنی مەشروبات، پێشانگای وێنەکان... هتد تێدابوو. ئەو ماڵە پڕبوو لە هەموو شت، ژنەکە زۆر خۆشحال بوو کە میوانی هەیە. چونکە دیاربوو

هەموو شتێکی بە زیادەوە هەبوو، بەڵام کەس نەبوو بیان خوات.

**سەنتەری ڕاهێنانەوەی (Mytyl School) لە شاری تلبرخ**

ڕۆژی 2005/12/8 بۆ دیتنی ئەزموونی ئەورووپی بۆ ڕاهێنانـــەوە و چارەســەری منــدالانی ســەقەت و دواکەتووی عەقلی منیان بردە مەڵبەندی (Mytyl School) لە شاری تلبرخ، لەم مەڵبەندە سەرم سوڕما و زۆر بەسـەرخۆم شـکامەوە، ئەوانـە چیدەکەن و لـە کوێ فێری ئەو کارانە بوون، مەڵبەندەکە لە 4 بەشی سەرەکی پێك هاتبوو: (سپیك ترابی)و (فیزیوتراپ) و (چارەسەری سروشتی) و (فێرکردن)، بۆ هـەر بەشێك مامۆستای تایبەت و ئامێری تایبەتی هەبوو. منداڵ چاکدەکەنەوە و فێری قسە و خـواردن و کـارکردن و جوڵانەوەی دەکەن تا دەیبەنە قوتابخانە. کەم ئەندام بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ڕۆژانەی چی پێویستە بۆیـان دروسـتکردبوون، سـوودێکی چاکم وەرگـرت، حەتمەن ئەو ئەزموونە لە سۆران جێبەجێ دەکەین.

**دوو پڕۆژەی گرنگ بۆ چۆمان:**

بـە دەسـتە خوشـك کردنـی چـۆمان لەگـەڵ شـاری دەمبـوش لایـەنێکی دیکـەی گفتوگۆمـان بـوو، لینـی بـۆی ڕوونکردمـەوە کـە بـۆ ئـەم کـارە چـی پێویستە مەوعیـدی لەگـەڵ پارێزگـاری دەمبـوش وەرگرتبـوو، بـەڵام لەگـەڵ مەوعیـدە سـەفەری مـن یەکینەگرتـەوە، کارێکی گـرنگ و پـڕ بـەهاو خۆشـە ، بـەڵام قـورس و زەحمەت و ئەرکی یەکجار زۆری دەوێ. بەڵام بۆ جێ بـەجێ کردنـی پـڕۆژەی ناشـنال پـارکی سـەکران لـە چـۆمان هـەنگاوی باشمـان هاویشـت و پـشتیوانی باشمان هەیە و کارێکی ئاسانە. چونکە ناشناڵ پارك بە سەرمایەکی نێودەوڵەتی دەژمێردرێت، 70٪ ئەم پڕۆژەیە دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە.



سەنتەری ڕاهێنانەوەی (Mytyl School)

**سیامەند بەنا، باڵوێزی عێراق لە لاهای**

ویستگەیەکی دیکەی کارم لە هۆڵەندا چاوپێکەوتن بوو لەگەڵ سیامەند بەننا باڵوێزی عێراق لە هۆڵەندا، لە شاری لاهای من و کەسایەتی ناسراوی هۆڵەندی (پیتـەر ڤـان برەخـت) چـووینە لای، لەگـەڵ ئـەوەی پێـشتر برادەربووینـە چونکە لـە سـاردا و سـاڵی 1991 لـە بارەگـای سـەرۆك پێکـەوە 6 مـانگ کارمـان کردبـوو، بـەڵام ئـەوەی زۆر سەرنجی ئەوی ڕاکێشا ئەو پڕۆژانەی ئێمە بوون کە بینی شاگەشکە بوو، گوتی ئەمە یەکەم کەسە دەیبینم دێتە ئێرە بەو ئامانجە پیرۆزانە، هەموو ئامادەییەکی خستە ڕوو بۆ هاوکاری.

**سیستەمەکانی ژیان لە هۆڵەندا**

لەو وڵاتە جوانە کە بە وڵاتی گوڵ ناسراوە هەموو شتێك لەسەر سکە دەڕوات و سیستەمی بۆ دانراوە کە بە یاسا چوارچێوەی بۆ دیاری کراوە، سیستەمی شارەوانی و بیناســازی و ژینگــە و تەکنــەلۆژیا و گواســتنەوە پێناسەناکرێت لە باشیان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو میللەتە کـە ڕۆژی پـێ ناکـەوێت پـوخن، گـەش و ئاسـودەنین. سیـستەمی کۆمەڵایـەتی لـە ئـەنجامی بینینـی چـەند دیاردەیـەك کـە شـەوانە بـە چـەند ماڵێك دەگـەڕاین، زۆر جیاوازی نییە، پەیوەندی سۆزداری ئازادە و بە جوانی ڕێکخراون، پەیوەندی خێزان ئاڵۆزە و پتەونییە، سستی پەیوەنـدیـە کۆمەڵایەتییـەکان خـالێکی سـلبی ئـەو کۆمەڵگایەیە.

**سەردانی لیلیانای دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە**

لیلیانا ئێستا لە تەمەنی (83) ساڵی دایە، دامەزرێنـەری ئـەو ڕێکخراوەیـە ئێـستا خانەنشینکراوە، بـە تـەنها لـە ماڵەکەی دا دەژێت کە ڤیلایەکە لە دەرەوەی گوند، لەسەر عەرەبانەیە و هەموو شتێکی بەخۆی دەیکات لەو ماڵە، سـەردانم کـرد و سـڵاوی منـداڵانی کوردسـتانم پـێ ڕاگەیاند، چەند دیاریەکم پێش کەش کردن زۆری داوا لێکردم چاوم لە منداڵان بێ.

ئەو خۆشەویستی خۆی ئاراستەی سەرجەم منداڵانی جیهان دەکرد.



لیلیانا، دامەزرێنەری ڕێکخراوی (لیلیانا فاوەندێیشن) لەگەڵ نووسەر